تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5653) پێنج شەممە 13ی کانوونی یەکەم 2018 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی لە دهۆک:

هەر کاتێک تروسکایی ئومێدێک هەبێت، بۆ ئەوەی بە لێکتێگەیشتن کێشەکانمان چارە بکەین، ئەو دەرفەتە لە دەست نادەین

عادل عەبدولمەهدی مرۆڤێکی تێگەیشتووە و باوەڕی بە مافی میللەتی کورد هەیە

پێم خۆشە لە دڵەوە سوپاسی خەڵکی کوردستان بکەم بۆ ئەو متمانەیەی بە پارتیان داوە

دەقی وتارەکە لە لاپەرە سێ بخوێنەوە





5

لە یادی بیرمەند و شێخی شەهیدان

شێخ عەبدولسەلامی بارزانیدا



دوێنێ چوارشەممە بە ئامادەبوونی سەرۆک مسعود بارزانی ڕێورەسمی کۆتایی هاتنی 24مین خولی ئەکادیمیای ئەفسەرانی هەرێمی کوردستان لە زاخۆ بەڕێوەچوو. لە ڕێورەسمەکەدا وێڕای ئەنجامدانی نمایشێکی سەربازی بە شێوەی ڕێپێتوان، هاوکات ڕاگری کۆلیژی سەربازی وتەیەکی پێشکەشکرد و پاشان هۆزانێک پێشکەشکرا. دواتر بڕوانامەی ئەکادیمیا بە دەرچووانی خولەکە بەخشرا.
شایانی باسە، 395 ئەفسەر بە پلەی جیاجیا بەشداربیان لە خولی 24ی ئەکادیمیای سەربازی زاخۆ کرد و لەسەر بنەمای زانستی سەربازی نوێ، بۆ ماوەی 9 مانگ مەشقیان پێکراوە و بوون بە ئەفسەری ئەکادیمی.

پارتی دیموکراتی کوردستان و خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوە


2





2

سەرۆکوەزیرانی کوردستان: هەرێمی کوردستان لەسەر پرەنسیپی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بەردەوامدەبێت



2

مەسرور بارزانی پێشوازی لە وەزیری کاروباری مرۆیی پۆڵۆنیا و شاندی یاوەری کرد

کەمال کەرکووکی:

پارتی پێیباشە کوردێکی بێلایەن ببێتە پارێزگاری کەرکووک

2

تەمپ بڕیاری بە جینۆسایدناساندنی تاوانەکانی داعش دژ بە کریستیان و ئێزدییەکان واژۆ دەکات

2

شارەزایانی ئابووری: سەقامگیریی کوردستان بەلای ئەمەریکاوە گرنگە



شارەزایانی بواری ئابووری سەردانی وەزیری وزەی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک بارزانی بە سەرکەوتنێکی گەورە دادەنێن.
عەلی بەلۆ، شارەزا لە بواری نەوت لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند کە سەرکەوتنێکی گەورەیە وەزیری وزەی ئەمەریکا لەگەل سەرۆک بارزانی کۆبوونەوەتەوە و لە کۆبوونەوەکەدا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو گەمارۆیانەی کە ئەمەریکا خستوویەتە سەر ئێران، هاوکاریی ئەمەریکا بکات. گوتیشی مەبەستێکی دیکەی وەزیری وزەی ئەمەریکا لەم سەردانە بۆ هەرێمی کوردستان، گەیشتن بە ڕێککەوتن و لێکنزیکبوونەوەیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ، چونکە بواری وزە بەشێکی کێشەکانی نێوانیانە.
هەر لەمبارەوە شیلان بیبانی، شارەزا لە بواری ئابووری بە خەباتی ڕاگەیاند مەبەست لە سەردانەکەی وەزیری وزەی ئەمریکا بووژانەوەی کەرتی ئابووریی ، هاوکات ئاماژەی پێدا کە هەرێمی کوردستان وەک ویلایەتی تەکساسی ئەمەریکایە کە ئەمە ئاماژەیەکە کە هەرێمی کوردستان لەڕووی وزەوە دەوڵەمەندە ، ئەمەریکا درک بەوە دەکات عێراق کاریگەریی لەسەر بازاری نەوتی هەیە و بەشێکی زۆری نەوتی عێراق لە کوردستانە ، بۆیە هەوڵ دەدات گرنگی بە هەرێمی کوردستان بدات . ئەو شارەزایەی بواری ئابووری ڕاشیگەیاند ئەمەریکا دەوڵەتێکی وەبەرهێنەری نەوتە و هەوڵ دەدات نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان بەرز بکاتەوە، لای ئەمەریکا ڕوونە کوردستان ئارام و سەقامگیرە بۆیە هەوڵ دەدات لەڕووی وزەوە زیاتر پەرەی پێبدرێت، سەردانی وەزیری وزە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی وەبەرهێن و کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی بووژاندنەوەو گەشەکردنی ئابووریی کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە وەزیری کاروباری مرۆیی پۆڵۆنیا کرد

سەرۆکوەزیرانی کوردستان: هەرێمی کوردستان لەسەر پرەنسیپی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بەردەوامدەبێت



سەرلەبەیانیی دوێنێ چوارشەممە 2018/12/12 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە خاتوو بەیاتا کامپا وەزیری کاروباری مرۆیی پۆڵەندا و شاندێکی یاوەری کرد.


لە دیدارێکدا خاتوو کامپا سوپاسی خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ پێشوازیکردن و حەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەرانی دەستی تیرۆر و هاوکاریکردنیان هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هاوکاریکردنی زیاتری ئاوارەکان بە پێویست زانی و ئاماژەیی لەمبارەیەوە نیشاندا، هەروەها پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند و هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە جێگەی رێز و پێزانین وەسف کرد.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئەو سەردانەی کرد و هیوای خواست شاندی میوان لە میانی سەردانەکەیاندا وێنەیەکی ڕوونیان لەسەر دۆخی هەرێم و ئاوارەکان دەستکەوتێت و دووپاتیکردەوە کە هەرێمی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا لەسەر پرەنسیپی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند و هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە جێگەی رێز و پێزانین وەسف کرد.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئەو سەردانەی کرد و هیوای خواست شاندی میوان پاراستنی پێکهاتە جیاوازەکان لە لایەن خەڵک و حکوومەت و پێشمەرگەی کوردستانەوە، خستەڕوو و سوپاسی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی کرد بۆ هاوکاریکردنی ئاوارە و پەنابەران و هیوای خواست پۆڵەندا لە یەکێتیی ئەوروپا هەوڵی زیاتر گەیاندنی دۆخی ئاوارە و پەنابەران بدات تا بە هەموو لایەک ڕەوشی ژیانیان باشتر بکرێت.

مەسرور بارزانی پێشوازی لە وەزیری کاروباری مرۆیی پۆڵۆنیا و شاندی یاوەری کرد

ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم: گەلی کورد لە سۆنگەی فەرهەنگی مرۆڤدۆستییەوە داڵدەدانی ئاوارەکان بە ئەرکێکی مرۆیی بەرز دادەنێت



دوێنێ چوارشەممە 12/ 2018/12 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە خاتوو بێناتا دیمپا وەزیری کاروباری مرۆیی کۆماری پۆڵۆنیا و شاندی یاوەری کرد، کە لە ژمارەیەک شارەزای فریاگوزاری مرۆیی و سەرۆکی ڕێکخراوی خێرخوازیی پێکهاتبوو.

لە دیدارێکدا کە بێناتا پێکسا باڵێزی پۆڵۆنیا لە عێراق و دۆمینیک موشاو کونسوڵی پۆڵۆنیا لە هەولێر و زیاد ڕەئووف نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا ئامادەبوون، وێڕای تاوتوێکردنی پەرەسەندن و ڕەوشی ناوچەکە بە گشتی، هاوکات جەخت لە پێویستی بە دەنگەوەهاتنی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرایەوە و هانی ڕێکخراوە مرۆییەکان و دەوڵەتانی جیهان درا، کە یارمەتییە مرۆییەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان چڕتر بکەنەوە.

مەسرور بارزانی پەیوەست بەو بابەتە تیشکی خستە سەر فەرهەنگی مرۆڤدۆستی و لێبووردەیی گەلی کورد و ڕایگەیاند، گەلی کورد لە سۆنگەی فەرهەنگی مرۆڤدۆستیی ڕەگداکوتاوی کۆمەڵگەی کوردستان خزمەتکردن و داڵدەدانی ئەو ئاوارانەی بە ئەرکێکی مرۆیی بەرز دادەنێت ، کە لە ترسی زوڵم و تووندوتیژی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و دەوروبەرەوە پەنایان بە هەرێمی کوردستان هێناوە. هەر لەو دیدارەدا ئاماژەیدا بە هۆکاری ڕێگریەکانی بەردەم دووبارە گەڕانەوەی ئاوارەکان.

لەلای خۆیەوە وەزیری کاروباری مرۆیی پۆڵۆنیا، خۆشحاڵی خۆی بە سەردانکردنی هەرێمی کوردستان دەبڕی و هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی خواست لە بەرێزێرکردنی بۆ سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. دواتر وێڕای ڕوونکردەوەی مەبەستی سەردانەکەی، پوختەیەکی لە کار و چالاکییەکان و سیاسەت و بەرنامەی وڵاتەکەی بەرامبەر کەمینە ئایینەکان و ئاوارەکان خستەڕوو ، کە یارمەتیدانیانە لە شوێنی بنەڕەتی خۆیان. هەروەها حەوانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەرانی بەرزنرخاند و لەو دیدارەدا ئاماژەیدا بە هۆکاری ڕێگرییەکانی بەردەم دووبارە گەڕانەوەی ئاوارەکان.

لەلای خۆیەوە وەزیری کاروباری مرۆیی پۆڵۆنیا، خۆشحاڵی خۆی بە سەردانکردنی هەرێمی کوردستان دەبڕی و هیوای کۆمارێ پۆڵۆنیا و شاندی یاوەری مرۆیی پۆڵۆنیا و داوای لە هەرێمی کوردستان کرد، کە لە ژمارەیەک شارەزای فریاگوزاری مرۆیی و سەرۆکی ڕێکخراوی خێرخوازیی پێکهاتبوو.

مەسرور بارزانی پەیوەست بەو بابەتە تیشکی خستە سەر فەرهەنگی مرۆڤدۆستی و لێبووردەیی گەلی کورد و ڕایگەیاند، گەلی کورد لە سۆنگەی فەرهەنگی مرۆڤدۆستییەوە داڵدەدانی ئاوارەکان بە ئەرکێکی مرۆیی بەرز دادەنێت ، کە لە ترسی زوڵم و تووندوتیژی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و دەوروبەرەوە پەنایان بە هەرێمی کوردستان هێناوە. هەر لەو دیدارەدا ئاماژەیدا بە هۆکاری ڕێگرییەکانی بەردەم دووبارە گەڕانەوەی ئاوارەکان.

لەلای خۆیەوە وەزیری کاروباری مرۆیی پۆڵۆنیا، خۆشحاڵی خۆی بە سەردانکردنی هەرێمی کوردستان دەبڕی و هیوای خواست شاندی یاوەری مرۆیی پۆڵۆنیا و داوای لە هەرێمی کوردستان کرد، کە لە ژمارەیەک شارەزای فریاگوزاری مرۆیی و سەرۆکی ڕێکخراوی خێرخوازیی پێکهاتبوو.

مەسرور بارزانی پەیوەست بەو بابەتە تیشکی خستە سەر فەرهەنگی مرۆڤدۆستی و لێبووردەیی گەلی کورد و ڕایگەیاند، گەلی کورد لە سۆنگەی فەرهەنگی مرۆڤدۆستییەوە داڵدەدانی ئاوارەکان بە ئەرکێکی مرۆیی بەرز دادەنێت ، کە لە ترسی زوڵم و تووندوتیژی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و دەوروبەرەوە پەنایان بە هەرێمی کوردستان هێناوە. هەر لەو دیدارەدا ئاماژەیدا بە هۆکاری ڕێگرییەکانی بەردەم دووبارە گەڕانەوەی ئاوارەکان.

لەلای خۆیەوە وەزیری کاروباری مرۆیی پۆڵۆنیا، خۆشحاڵی خۆی بە سەردانکردنی هەرێمی کوردستان دەبڕی و هیوای خواست شاندی یاوەری مرۆیی پۆڵۆنیا و داوای لە هەرێمی کوردستان کرد، کە لە ژمارەیەک شارەزای فریاگوزاری مرۆیی و سەرۆکی ڕێکخراوی خێرخوازیی پێکهاتبوو.

مەسرور بارزانی پەیوەست بەو بابەتە تیشکی خستە سەر فەرهەنگی مرۆڤدۆستی و لێبووردەیی گەلی کورد و ڕایگەیاند، گەلی کورد لە سۆنگەی فەرهەنگی مرۆڤدۆستییەوە داڵدەدانی ئاوارەکان بە ئەرکێکی مرۆیی بەرز دادەنێت ، کە لە ترسی زوڵم و تووندوتیژی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و دەوروبەرەوە پەنایان بە هەرێمی کوردستان هێناوە. هەر لەو دیدارەدا ئاماژەیدا بە هۆکاری ڕێگرییەکانی بەردەم دووبارە گەڕانەوەی ئاوارەکان.

لەلای خۆیەوە وەزیری کاروباری مرۆیی پۆڵۆنیا، خۆشحاڵی خۆی بە سەردانکردنی هەرێمی کوردستان دەبڕی و هیوای خواست شاندی یاوەری مرۆیی پۆڵۆنیا و داوای لە هەرێمی کوردستان کرد، کە لە ژمارەیەک شارەزای فریاگوزاری مرۆیی و سەرۆکی ڕێکخراوی خێرخوازیی پێکهاتبوو.

مەسرور بارزانی پەیوەست بەو بابەتە تیشکی خستە سەر فەرهەنگی مرۆڤدۆستی و لێبووردەیی گەلی کورد و ڕایگەیاند، گەلی کورد لە سۆنگەی فەرهەنگی مرۆڤدۆستییەوە داڵدەدانی ئاوارەکان بە ئەرکێکی مرۆیی بەرز دادەنێت ، کە لە ترسی زوڵم و تووندوتیژی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و دەوروبەرەوە پەنایان بە هەرێمی کوردستان هێناوە. هەر لەو دیدارەدا ئاماژەیدا بە هۆکاری ڕێگرییەکانی بەردەم دووبارە گەڕانەوەی ئاوارەکان.

لەلای خۆیەوە وەزیری کاروباری مرۆیی پۆڵۆنیا، خۆشحاڵی خۆی بە سەردانکردنی هەرێمی کوردستان دەبڕی و هیوای خواست شاندی یاوەری مرۆیی پۆڵۆنیا و داوای لە هەرێمی کوردستان کرد، کە لە ژمارەیەک شارەزای فریاگوزاری مرۆیی و سەرۆکی ڕێکخراوی خێرخوازیی پێکهاتبوو.

مەسرور بارزانی پەیوەست بەو بابەتە تیشکی خستە سەر فەرهەنگی مرۆڤدۆستی و لێبووردەیی گەلی کورد و ڕایگەیاند، ئەوەی هەرێمی کوردستان لەبارەی شۆێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاریی سەرەتایی و پەروەردە و خوێندن بۆ ئاوارەکانی دابینکردووە، کارێکی مرۆیی گەورەیە و جێی شانازیی هەموانە. دووپاتیشی لە هاوکاری وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان لە بواری پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی زیاتر کردەوە.

پەرەپێدان و بەردەوامیدان بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و ڕاوێژکاری لە بواری کاری مرۆیی لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری پۆڵۆنیا و ڕێکخراوە خێرخوازە خۆجێییەکان، تەوەرێکی دیکەی گۆبوونەوەی نێوان مەسرور بارزانی و خاتوو بێناتا بوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان و خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوە

پارتی و گۆڕان جەخت لە توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیان دەکەنەوە



دوێنێ چوارشەممە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوەی دواتر ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بە توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و کۆبوونەوە و تیایدا چەند بابەتێکی هەستیار و گرنگ خرانەبەر باس و گفتوگۆ، لەوانە:

یەکەم: توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و ڕێکخستنەوەیان بە گوێرەی قۆناغەکە، هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی کوردستان و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، پێشکەوتن و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمانداً بێت.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

دوێنێ چوارشەممە 2018/12/12 لە هەولێر خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەروەها پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی فیدرالْ و وڵاتانی دەورووبەر کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم پەیوەندییە دووقۆڵییە لە خزمەت پێشکەوتن و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتماندا بێت.

دووەم: پێکەوە هەوڵی دروستکردنی یەکگوتاریی سیاسی و دیپلۆماسیی هاوبەش بۆ بەرگریکردن لە بڕیارە ناڕەواکانی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان و ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر هەرێم و هاووڵاتیانی ئەنجام دەدرێت.

سێیەم: سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و ئۆرگانەکانی دیکە، گفتوگۆ کرا و بیروڕا گۆڕدرایەوە و هەردوولا لەسەر ئەوە کۆک بون کە قۆناغەکە و هەلومەرجەکە یەکڕیزی و مشوورخۆریی هەموو لایەکی پێویستە و دەبێت بە ئاراستەی جددی بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان و ڕیفۆرمی پێویست لە بواڕە جیاجیاکاندا بۆ دابینکردنی زیاتری سەقامگیری و دڵنیایی و بەهێزبوونی هەرێم بۆ بەرگەگرتنی تەحەدییەکان، هەنگاوی گونجاو هەڵێنرێت.

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان
خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان



کەمال کەرکووکی:
پارتی پێبیاشە کوردێکی بێلایەن ببێتە پارێزگاری کەرکووک

کەمال کەرکووکی، بەڕپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک -گەرمیانی پارتیی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، لەگەڵ هەموو لایەنەکان لە هەوڵی ئەوەداین دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە. دەشڵێت، پارتی پێیباشە کەسێکی بێلایەن ببێتە پارێزگاری کەرکووک. لەبارەی دۆخی ئێستای کەرکووک، کەمال کەرکووکی بۆ ڕووداو ڕایگەیاندووە: ڕەوشی کەرکووک ئێستا زۆر خراپە، بەداخەوە دوای ئەو خیانەتەی کە کەرکووک هەرزانفرۆشکرا لە لایەن تاقمێکی خیانەتکار لە 16ی ئۆکتۆبەر، ئاسایش و سەقامگیری نییە، خەڵک دەڕفێندرت و دەکوژرێت. سەبارەت بە هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکە و دانانی پارێزگار، کەمال کەرکووکی دەڵێت: ئێستا وەکو پارتی لە هەوڵی ئەوەداین ئەو دۆخە چاکبکرێتەوە، لەگەڵ گشت لایەنەکان کار دەکەین نەک تەنها یەکێتی، یەکێتیش بەشێکە لە لایەنەکانی دیکە. کەمال کەرکووکی گوتیشی: وەکو پارتی بۆچوونمان بۆ گەڕانەوە بۆ کەرکووک ئەوەیە دەبێت دۆخی کەرکووک بەپێی مادەی 140 ئاساییبکرێتەوە، بۆ ئەوەی دۆخەکەش ئاسایی بکرێتەوە و سەرژمێری و ریفراندۆم بکرێت، دەبێ ئەو هێزە چەکدارانەی لەناو کەرکووک هەن هەموویان دەربچن و ڕادەستی هێزی ئەمنی خۆجێی بکرێت، کە پێکهاتەکەی لە خەڵکی کەرکووک بێت، پێشمەرگە و سوپاش لە دەرەوەی کەرکووک بن بە هەمان شێوەی پێش ساڵی 2014. سەبارەت بە میکانزمی دابەشکردنی پۆستەکانی کەرکووک دوای ئاساییکردنەوەی دۆخەکە، کەمال کەرکووکی بە باشی دەزانێت بۆ ئەم قۆناخە کەسێکی بێلایەن بکرێتە پارێزگاری کەرکووک کە هەموو لایەنەکان لەسەری ڕەزامەند بن، خزمەتی کەرکووک بکات و ئێمەش پشتیوانی بێ تاوەکو هەڵبژاردن دەکرێت.

تەرەمپ بڕیاری بە جێنۆسایدناساندنی تاوانەکانی داعش دژ بە کریستیان و ئێزدییەکان واژۆ دەکات



مەترسی بەشار مەتی وردە، مەترسی ئەبرەشیەی کلدانی لە هەولێر، لە مەراسیمی واژۆکردنی بڕیاری (HR390) لە لایەن دۆنالد تەرەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، ئامادە بوو.

ئەبرەشیەی کلدانی لە هەولێر بڵاوی کردەوە کە مەترسی بەشار مەتی وەردە، بەیانیی ڕۆژی سێشەممە 2018/12/11، لەسەر بانگهێشتی کۆشکی سپی، ئامادەی مەراسیمی واژۆکردنی بڕیاری (HR390) بووە لە لایەن تەرەمپەوە، ئەو بڕیارەی تەرەمپ لەبارەی بە جینۆسایدناساندنی تاوانەکانی داعشە لە دژی مەسیحی و ئێزدییەکان لە عێراق و سووریا. هاوکات بەڵێنێکی حکوومەتی ئەمریکاش لەخۆوە دەگرێت لە بارەی هاوکاریکردنی مرۆیی پێویست بۆ مەسیحی و کوردانی ئێزدی لە عێراق و سووریا و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانیان و شوێن پێهەڵگرتنی بەرپرسانی ئەو تاوانانە. لە بۆنەیەکیشدا کە پێش دەستپێکردنی مەراسیمەکە ئەنجامدراوە، مەترسی بەشار وەردە جەختی لەوە کردووەتەوە کە دەبێ هەموو هەوڵەکان یەکبخرێن بۆ ئەوەی ئەو دروستکەرانی بڕیار مافی قوربانییان گەڕەنتی بکەن.

سەرۆک بارزانی: تا یەک دەقە پێکەوە مابین پێم خۆشە پەیوەندییەکانمان باش بن و هاوکار و پشتیوانی یەکتر بین

ئەو متمانەیەی میللەتی کورد بە پارتیی داوە، پارتیش ئەو متمانەیە بۆ خزمەتی ئەوان بەکاردێنێت

حکوومەتێکی بەهێز دادەمەزرێت، گۆڕانکاریی بنەڕەتیش لە هەموو بوار و هەموو فەرمانگەکاندا دەکرێت

گۆڕانکاری و چاکسازی گەورە دەکرێت



شۆڕشی ئەیلوول ئیرادە و یەکڕیزی و باوەڕبەخۆبوونی لە ناو نەتەوەی کورددا دروستکرد

دوێنێ لەرێورەسمێکدا لە دەزگ بەئامادەبوونی سەرۆک بارزانی یادی داستانی گەلی زاویتە لۆمانا کرایەوە، سەرۆک بارزانی وتارێکی پێشکەش کرد ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

ئامادەبوانی بەڕێز

زۆر سوپاس کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند و منتان داوەت کرد، کە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا لەگەڵ ئێوەدا بەشدار بم، لە ڕۆژێکی میژوویی، بەڵکو ڕۆژێکە میژووی دروست کرد، کاتێ شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، زۆر کەم هەبوون کە ملیان دایەبەر، چونکە هەلومەرجی ئەو سەردەم زۆر جیاوازبوون، شتی لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە میللەتێک دروست ببێت، نەوەیەک دروست ببێت باوەڕی بە خۆ بێت، خاوەن ئیرادە بێت، ئەوەش دەبوایە بە کردار بسەلمێندرێ، بۆ نەوەی تازە و بۆ میللەتێک، کە ئەگەر ئیرادە و باوەڕ بەخۆبوونێک هەبێت، لە هەموو چەکێک بەهێزترە و سەرکەوتنیش مسۆگەرترە،کە شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد ئەوە نەبوو میللەتی کورد ببیەوێ شەڕ بکات یان خوێن بڕێژێت، شۆڕشی ئەیلوول دژێژەپێدەری هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی پێش ئەو سەردەمە بوون، بەڵام لە قاڵبێکی نوێدا کە شۆڕشێکی نەتەوەیی سەرتاسەری بوو ، شۆڕشەکانی دی ناوچەیی بوون، بەڵام شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێکی سەرتاسەری بوو ، شەرەفێکی مەزنە بۆ ئەم دەڤەرە، کە بووە لانە و بنکەی شۆڕش.

کاتێ ڕژێمی عێراق هەموو ئیمکانیاتی خۆی بەکارهێنا ، زۆرجار شۆڕش تووشی شکست هات و پەرت و بڵاو بوو ، کەم بەخۆڕاگری مانەوە، گەیشتە ڕادەیەک ئایا دەکرێ شۆڕش بەردەوام بێت یان بەردەوام نەبێت، ئەو شەڕەی لە ڕۆژی 1961/12/12 لە گەلی زاویتە و لۆمانا کرا، زیاتر لە موعجیزە دەچێت نەک شەڕێک، دوو لیوای سوپای عێراق، لیوایەکی سوپا و لیوایەکی قوەی سیارە، لێرە لەدهۆکەوە جوولەیان کرد و هاتن، ئەو لەشکرەی پێشمەرگەش کە ئەوکات لەوێ کۆبوونەوە و بڕیاریاندا لەپێناوی میللەتی خۆیاندا بمرن، ئەویش هەموویان لەوێ کۆبوونەوە، شەڕێکی زۆر گەورە ڕوویدا، لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین دایکی هەموو داستانەکانە، هەموو داستانەکانی دی ئیلهام لەم داستانە وەردەگرن، هەردوو لیوای هێزەکانی حکوومەتی عێراق، لە چەند سەعاتێکدا تار و مار کران، بۆ یەکەم جار بوو زیاتر لە 1500 پارچە چەک کەوتە بەر دەستی پێشمەرگە، یەکەم جار بوو چەکی ڕووسی کلاشینکۆڤ و سمینۆڤ و دکتاریۆف بکەونە دەستی پێشمەرگە، ئەم شەڕەی وای کرد مەعنەویاتی خەڵکی کوردستان بەرز ببێتەوە، دەستە دەستە گەنج لە هەموو ناوچەکان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، ئەم شۆڕشە ئومێدێکی بۆ خەڵکی کوردستان دروست کرد، کە پێشمەرگە ڕۆژ بە ڕۆژ سەرکەوتن وەدەست دێنێ، حەکایەتێک هەیە باسی دەکەم، یەکێک لەو قارەمانانە کە دواتر شەهید بوو و لەو شەڕەدا بەشدار بوو عومەر ئاغای دۆلەمەڕی بوو، بۆی گێڕامەوە، کە گەنجێکی حەڤدە هەژدە ساڵی تفەنگچیکی قرمی پێ بوو، نەدەترسا و نەیدەزانی مردن چییە، بەڵام نەشارەزا بوو و نەیدەزانی شەڕ بکات، کاتێ سوپا شکا فڕۆکە زۆر هات و تا پێیان کرا بۆردومانی کرد، کاتێ مرۆڤ لە نزیکەوە فڕۆکە ببینێ ئاگرێک لە دواوەی دەردەچێت، کاتەکەش بەرەو ڕۆژئاوابوون و تاریکی دەچوو ، فڕۆکە هێندە نەوەی بوو و ئاگر لە گرۆز لە دواوەی دەردەچوو، دەڵێ ترسان جوولەی ئەو گەنجە ببێتە هۆی ئاشکرابوونی پێشمەرگە، بۆیە پێم گوت دانیشە مەجوولێوە شەڕ بەو شێوەیە ناکرێ وەرە ئەم لاوە کوڕم، بەڵام گەنجەکە ڕانەوستا و تفەنگی بە فڕۆکەوەنا، لەو کاتیش فڕۆکەکە بەرز بۆوە و گەنجەکە کە ئاگری فڕۆکەی بینی گووتی لێمدا، پێم گووت وەرە شەڕ بەو شێوەیە ناکرێ، گەنجەکە گووتی وەڵا کونێکی هێندە گەورەم تێکرد، ئەدی ئەو ئاگرە لە چی هاتەدەرێ. مەبەستی من لە گێڕانەوەی ئەو حەکایەتە ئیرادەیە، کاتێ ئیرادەت هەبوو، کاتێ ئیرادە دروست کرا، بەڵێ بەو جۆر تفەنگ پێوەنانە شەڕی مێک هنتەر و ئەوانە دەکرێ و سەریش دەکەوی، کاتێ ئیرادەشت نەبێ هەر چ چەکێکت هەبێت شکست دێنی، شۆڕشی ئەیلوول ئیرادە و یەکڕیزی و باوەڕ بەخۆبوونی لە ناو نەتەوەی کوردا دروست کرد، ئەوە شۆڕش بوو، شۆڕش هەر ئەوە نییە تفەنگ هەڵبگری و تەقە بکەی، شۆڕش بیروباوەڕ و باوەڕ بەخۆبوونی دروست کرد، ئەوەش بووە دەروازەی سەرکەوتنی یەک لە دوای یەک، وەکو چۆن ئاگر دەپوش و پەلاخ بەربێ، شۆڕشیش بەو شێوەیە بڵاوبۆوە و لە هەموو شوێنێکەوە خەڵک پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد، حکوومەتی عێراقیش گەیشتە قەناعەت کە بەشەڕ هیچ بەدەست نایەت، هەوڵی دیکەیان دا و سەرنەکەوتن، لەبەرئەوە وای بۆ دەچم لە ڕاستیدا شۆڕشی مەزن لە گۆڕینی بیروباوەڕی خەڵکدا بوو، شۆڕشی مەزن لەو چاکسازییە کۆمەڵایەتیانەدا بوو کە دروستی کرد، شۆڕشی مەزن ئەو باوەڕبەخۆبوونە بوو کە دروست کرا، ئەوە یەک لەو نموونانە بوو کە من ویستم لەمڕۆدا باسی بکەم.

ئەمڕۆش زۆر لەو قارەمانانە شەهید بوون و ئەمری خوایان کرد، چونکە ماوەیەکی زۆر درێژی بەسەردا چووە، بەڵام هەموو کاتێک ناو و ڕەفتاری ئەوان بە زیندوویی دەمێنێتەوە، هەموو کاتێکیش ئەوان تانجی سەری هەموومانن، چونکە لە ڕاستیدا نەوەی دوای ئەوانیش وا فێربووین کە شۆڕش و کوردایەتی و پێشمەرگایەتی مانای چییە، جێگەی ئەو شەهیدانە و هەموو شەهیدان بەهەشتی بەرین بێت لەوێشەوە ئەو تەحەدیاتە هەر ماوە، دڵنیابن هیچ جارێک نییە تی ئێمە ئەوە نەبووە ڕۆژێک لە ڕۆژان خوێن لە یەک کەس بێت،چ لە ئێمە چ لە بەرامبەرمان، هیچ جارێکیش بڕیاری ئەوەمان نەداوە ئێمە بچین دەست بەشەڕ بکەین، ئەما داستانی 1961/12/12 ئێمەی فێرکرد ئەگەر کەرامەت و شەرەفی میللەتی ئێمە کەوتە بەر هەڕەشە، ڕوح لەوکاتدا زۆر هەرزان دەبێت و سەدان خورت پێڕاگەیشتوون دەتوانن شەڕی ئەبرامز بکەن، ئەوە ئەو فەرهەنگەیە کە من بە سەرکەوتنی دەزانم، چاوت لەوە نەبێ غەدر لەکەس بکەی، بەڵام هیچ جارێکیش ئەوە لە بیری ئێمە نەبێت تەسلیمی کەسانێک ببین، لە ڕاستیدا هەموو ژیان ژیان نییە، ئەو ژیانە ژیانە کە بەسەربەرزی لەناو میللەتی خۆتدا بژی، یان لەپێناوی میللەتی خۆتدا خوێن بڕێژی، ئەوە ژیانە، ئەگینا ژیان چەند ساڵێکی تەمەنە و هێندە نایەنێ مرۆڤ بەرامبەر خوا و میللەت و شەهیدەکانی خۆی سەرشۆڕ بێت. ئەمڕۆ ڕۆژێکی پیرۆزە و جارێکی دی دەڵێم ڕۆژێکە میژووی دروست کردووە، هەزار ساڵاو لە شەهیدانی ئەو داستانە و داستانەکانی دواتر و هەموو شەهیدان، ساڵاو بۆ خانەوادەی هەموو شەهیدان، سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان خاوەنی لەشکرێکە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێشتر و بەهێزتر دەچێت، سوپاس بۆ خوا تا پێشمەرگە هەبێت، کە هەر دەمێنێت، خەڵکی کوردستان پشتڕاست بێت، دڵخۆش دەبن و ئیشائەڵڵا کەس ناتوانێ کەرامەتیان پێشێل بکات.

بەپێویستی دەزانم باسی ئەمڕۆش بکەین، ئەو ڕۆژ و ڕۆژانی دواتر ئەمڕۆیان بۆ ئێمە دروست کرد، ئێستا ئێمە لە قۆناغێکی دیکەداین، لەم ساڵدا دوو هەڵبژاردن کران، یەکێک لەسەر ئاستی عێراق بۆ پەرلەمانی فیدراڵی، یەکیش بۆ پەرلەمانی کوردستان، لە ئاستی پەرلەمانی عێراق، زۆر کەس تەسەورێکی وایان بۆ دروست ببوو کە لەوانەیە پارتی تووشی شکستێکی ئەوەندە مەزن ببێت هەڵنەستێتەوە، بەڵام پێشبینی ئەوان ڕاست دەرنەچوو، ئێمە دەمانزانی پێشبینییان ڕاست دەرناچێت، بەڵام باش بوو هەموشتێک بە ئەزموون و تاقیکردنەوە ئەنجام وەرگری و پیشانی خەڵکیش بدەی، لە ئاستی هەموو عێراق وەکو حزب، پارتی بە حزبی یەکەم دەرچوو،سوپاس بۆ گەلی کوردستان بەڕاستی پاداشتی پارتیی دایەوە، لەسەر ئەو هەڵوێستە نەتەوەییانەی پارتی سازشی لەسەر نەکرد، ئەو تەجروبەیەی بەسەر هەموو لایەکدا چوو، ئەمڕۆ مەعلوم بوو بێ پارتی هیچ بڕیارێک نادرێت، بەتایبەتیش لە کوردستان، لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە دەکرێت، ئێوە دینتان مانگێک نابێت سەفەری بەغدام کرد، پار ئەم کاتە سەری ئێمە لەوێ داواکرا بوو، هەموو کاتێک ئامادەم سەری خۆم لەسەر ئەو ڕێبازە دابنێم و لای من زۆر شانازیە، بەڵام هیچ کاتێک سازش لەسەر خوێنی شەهید و کەرامەتی میللەتی خۆمان ناکەین، ئەما هەر کاتێک تروسکایی ئومێدێک هەبێت، بۆ ئەوەی بە لێکتێگەیشتن کێشەکانمان چارە بکەین، دیسان ئەو دەرفەتە لە دەست نادەین، ئێمە نەبووین دەرگای بەغدامان داخست، بەغدا بوو دەرگای خۆی داخست بوو، ئێستا دوای هەڵبژاردن و ئەو تەجروبەیەی بەسر ئەوان و ئێمەشدا هات، دەرفەتێکی تازە هاتۆتە پێش، زانیمان کەشێکی تازە دروست بووە، عادل عەبدولمەهدی مرۆڤێکی تێگەیشتییە، من لەمێژە دەیناسم، مرۆڤێکە باوەڕی بە مافی میللەتی کورد هەیە، لەگەڵ خەڵکی پێش خۆی جیاوازە، ئومێدەوارم لە کاری خۆی سەرکەوتوو بێت، پشتیوانی خۆیشم لێکردووە، پێشتر پێم گوتووە و ئێستاش دووپاتی دەکەینەوە تا یەک دەقەپێکەوە مابین پێم خۆشە پەیوەندییەکانمان باش بن و هاوکار و پشتیوانی یەکتر بین، چونکە کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا چارەسەر دەبێت، هیچ کاتێک نەم گوتووە بە زۆر و شەڕ چارە بکرێ، گوتوومە دژی شەڕین بەڵام تەسلیمی هیچ زۆرداریێک نابین، ئەگەر ناچاربین بەرگری دەکەین، بەڵام ئێمە بچین شەڕی خەڵکی دی بکەین، ئەوا هیچ جارێک ئەو بڕیارە نادەین، بەڵام هیچ کاتێکیش تەسلیمی هیچ هێزێکی دونیا نابین کە بێت بەزۆر لەسەرمان فەرز بکات، ئەوەیە مەبدەئی ئێمە، لێکتێگەیشتنێکی باش هەبێت، ئێمە ئومێدمان هەیە زۆر کێشە چارە بکەین، بەڵام دیسان پێویستە چاوەڕێ بین بزانین چەند دەکرێ و چی دەکرێ، لەبەرئەوە نامەوێ پێشبینی بەرز بکەمەوە، بەڵام تاڕادەیەک ئومێد هەیە کێشە چارەسەر بکەین، بەڵام جارێکی دیکەش دەیلێمەوە ئەوە لەسەر مەبدەئو ستراتیژی ئێمە نییە، بۆ خاتری بەرژەوەندی و پێکەوەژیانێکی باشە، کێشەکانمان بە ئاشتی و خۆشی چارەسەر بکەین، ئێمە شەڕمان نەویستوە، ئەوانەی پێیان وابوو بەشەڕ کێشە چارەسەر دەکەن، کە حکوومەتەکانی پێش ئەوانیش نەیانتوانی بەشەڕ بیکەن، پێیان چاک نەبوو، جارێکی دی گەڕانەوە، باشە گرفت نییە، با بزانین، چەند دەکرێ و چی دەکرێت، چونکە هێشتا زۆر کێشەی ناوخۆ ماون، نەک هە لە نێوان ئێمە و بەغد، بەڵکو لە نێوان هێزە سیاسییەکانی عێراق خۆیشیان ماون، ڕۆڵی ئێمە ڕۆڵێکی ئیجابی بووە و ئیجابیش دەبێت هەتا ئەوان ئیجابی بن.

سەبارەت هەڵبژاردنی کوردستان، جارێکی دی پێم خۆشە لە دڵەوە سوپاسی خەڵکی کوردستان بکەم بۆ ئەو متمانەیەی بە پارتیان داوە، پاداشتی پارتیی کردووە، کاتی هەڵبژاردن لە دووسێ جێگا لێڕەش و لە زاخۆ و چەند شوێنی دیکەش لە قسەکانی خۆمدا گوتوومە ئەگەر پارتی بە هێز دەرچوو، گۆڕانکاریی گەورە و چاکسازیەکی گەورە دەکەین، سوپاس بۆ خوا پارتی بە هێزێکی مەزن دەرچوو، ئەوا دەستمان پێکردووە گۆڕانکاری و چاکسازی گەورە دەکرێت، بنەمایەکی باشیش دانداوە بۆ پارتی و لە خزمەتی گەلی کوردستانیشدا بێت، لەبەرئەوە گەشبینم و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی دی دەستی پێکردووە، بەڵام لە بارودۆخێکی تازە دایە، پارتی نابێ بڵێ من زۆر کورسیم هێناوە و سەرکەوتنم بەدەست هێناوە و بەغرور هەڵسوکەوت بکات، بەڵام بێ گومان ئەو بارودۆخی پەنجا بە پەنجا و ئەو کۆسپانە دەهاتنە ڕێگە ئەو بارودۆخە نەما ، ئەو متمانەیەی میللەتی کورد بە پارتیی داوە، پارتیش ئەو متمانەیە بۆ خزمەتی ئەوان بەکاردێنێت، برادەرانی دی لەگەڵمان شەریک بن بەخێربێن، بەڵام پارتی بۆ شێوازی جاران ناگەڕێتەوە کە حکوومەتی پێ دادەمەزرا و کاری پێ دەکرا، لەبەرئەوە ئومێدمان هەیە چاکسازیی گەورە بکەرێت، پێشمان خۆشە لایەنەکان دی بەشدارین، ئێستاش لیژنەیەک دانداوە، گفتوگۆ لەگەڵ هەموو حزب و لایەنەکانی دی دەکەن، با ببینین ئەوەی لەبەرژەوەندی دابێت ئەوە دەکرێت، حکوومەتێکی بەهێز دادەمەزرێت، گۆڕانکاریی بنەڕەتیش لە هەموو بوار و هەموو فەرمانگەکاندا دەکرێت، جارێکی دی سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەم بۆنەیە، کە منتان بۆ ئەم ڕۆژە پیرۆزە داوەت کرد، هەر سەرکەوتووبن و خوا هاریکار بێت.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2018/12/13 ژمارە (5653)
خەبات



فارس قادر فەتح عەبدوڵڵا*

نامەیە یان بۆ ئاگایی و نەزانین


لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەی 7731 لە بەرواری 2018/12/3 ڕۆژی دووشەممە لە ستوونێک بە ناوی (کەمین پۆلەتیک) لە لاپەڕەی 2ی ڕۆژنامەکە، بابەتێک نووسراوە لە لای برادەرێک بە ناوی (خەلەف غەفور) هەرچەندە بڕواناکەم ئەمە بە ئاگا و ویست و سیاسەتی هەڤاڵانی سەرکردایەتیی یەکێتی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژنامەیەکی زمانحاڵی یەکێتی بڵاوکراوەتەوە و ناکرێ بگوترێ ڕەئی خۆیەتی و هیچ پاساوێک قبووڵ نییە، گەر بۆی بدۆزنەوە، هەروەک کورد گوتەنی (عوزر لە قەباحەت گەورەترە) گەر بگوترێ ئاگامان لێی نەبووە یان ڕەئی خۆیەتی، جا ئەمە بۆ بەڕێزیان لێدەگەڕێین، با بزانین خۆیان دەچنە بن چ بارێکەوە و کام حاڵەت یەکلادەکەنەوە و هەڵدەبژێرن.

لە بابەتی ئەم بڕادەردا هاتووە لە سەرەتا باسی گرنگی دانیشتنی نێوان پارتی و یەکێتی دەکات و ئاماژە بەوەش دەکات هەردوولا دوو هێزن کە تەواوکەری یەکترن و بەبێ یەکترین ناتوانرێت ئیدارەی کوردستان بەڕێوە ببردرێت و کۆمەڵێک بابەتی تر دەڵێت و باسی ڕۆژی سەرۆک بارزانی و مام جەلال دەکات و ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: کاتی خۆی هەرچەند کۆبوونەوە و دانووستاندن لە نێوان هەردوولا کرابا، تا ئەم دوو بەڕێزە بڕیاریان نەدابایە، هیچ ڕێککەوتنێک سەری نەگرتووە. بە هەرحاڵ لە هەردوولا هەموو دامودەزگا و دەستەکانی سڕیتەوە و ئاماژەی تەنها بە وجودی سەرۆک بارزانی و جەنابی مام جەلال کردووە، بەمشێوازە هاتووتە ئاخاوتن و کە مەبەستێکی نا مەعقولی هەیە لەناو نووسینەکەی و دەڵێت (لە سەدەمی مام جەلالیش سەرەڕای دەیان کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی لە کۆتایی بارزانی و تاڵەبانی دوا قسەیان کردووە و دەڵێت بۆ ئێستا بەستنی کۆبوونەوەی لوتکە لە نێوان مسعود بارزانی و پاڤێل تاڵەبانی پێویستییەکی هەنووکەییە ؟! و دەڵێت دوا قسە لەسەر دۆخی ئێستا پاڤێل کردوویەتی! لە لایەن یەکێتی و باشترە پارتی خۆی لەو ڕاستییە نەدزێتەوە! و دەڵێت دانیشتنی نێوان بارزانی و پاڤێل تاڵەبانی هەم ئەرکەکە ئاسان دەکات، هەمیش کات دەگێڕێتەوە! لە کۆتایشدا دەڵێت: ئەو ڕاستیەش خۆ لێدزینەوەی ناوێت).

لێرەدا چەندین پرسیار دێتە بەردەمان و ناکرێ بەبێ وەڵام بەسەریدا تێپەڕین، دەپرسین ڕاستە کوردستانی نوێ زمانحاڵی ڕایانی یەکێتییە و پێویست بە پرسیارکردن ناکات، بەڵێ زمانحاڵە، بەڵام ئایا نووسەری ئەم بابەتەش ڕاسپێردراوە وا بنووسێت، یان لە کۆتایی گەمەکە وەک هەموجار دەڵێن ڕەئی خۆیەتی، کە ئەمەش قابیلی قبووڵ نییە لە ڕۆژنامەیەکی زمانحاڵ ئەم وەڵامە بدرێتەوە، یان بگوترێ کەس بە کەس نییە و کەس ئاگای لە کەسی نییە و ئەمەش ناکرێ و مەعقول نییە، یان ببورن بە سەرماندا تێپەڕی، ئەم وەڵامەش قبووڵکردنی ئاسان نییە، دەبێ لێبووردن کاتێک لە هەڵە هەبێت کە هەڵە چاک بکرێنەوە و شەرم نەکەن و بڵێن کە هەڵەکراوە، یانیش یەکێتی دەبێ بچێتە بنبالّی کە بگوترێ بەپێی ئەم قسانەی کە (خەلەف غەفور) کردوویەتی، باڤێل تاڵەبانی ڕاسپێردراوە و ئەو تەمسیلی هەموو یەکێتی دەکات، جا ئەوکات هەموو شتەکان دەگۆڕدرێن و دەکرێ چەندین پرسیار بکەین و بە بیریان بێنینەوە و بڵێین لە هەموو ژیانی پارتی کە لە لایەن برایانی یەکێتی بە حزبێکی بنەماڵە پێناسە کراوە، بۆ یەکجاریش ڕووی نەداوە یەکێک لە دەرەوەی سەرکردایەتیی پارتی بتوانێت بڕیارێک بدات، یان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی گرنگ بکات و بە ناوی بنەماڵە، سەرکردایەتی بەلاوە بنێت، بەداخەوە گەر لە لایەن یەکێتی وای لێهات، کەواتە پاڤێل سەرکردایەتی بەلاوە ناوە و لە لایەک لە لایەکی تر گەر وای لێهات، کەواتە خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەریش لە بڕیارێکی شەخسی پاڤێل و گرووپەکەی دەچێتە دەرەوە و ئەوکات دەبێ برایانی یەکێتی بچنە بنبالّی و قبووڵی بکەن و بە کورتی لە حزبێکی ڕێکخراوەیی دێموکراسی، یاخود سۆشیالدێموکراتی دەبێ بە حزبێکی بنەماڵەیی و مەزاجی دوور لە دێموکراسییەت و بەپێچەوانەوە پەیڕەوکردنی عەقڵییەتی کوێخا و ئاغایەتی و ڕەعیەت، ڕەنگە بنەما ئەخلاقییە بنەماڵەیەکەش لە دەست بدرێت و بڵێین خۆزگەم بنەماڵەش با هەر باشتر بوو، کەواتە چ وەڵامی خەڵک دەدەنەوە کە دەیان ساڵە دژی بنەماڵەیی تەپڵ لێ دەدەن؟!

ئەم بۆچوونە و ئەم بیرۆکەیە، ناکرێ عەفەوی بێت و ناکرێ هەڵەی چاپ بێت و ناکرێ قەناعەتی شەخسی بێت، چونکە ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەیەکی ئازاد نییە، بەڵکو بە پەرژینێکی سەوز، دەوردراوە و لە ناو چوارچێوەیەکی حزبییە، هەرچی لەم ڕۆژنامە بگوترێ و بنووسرێ، بە ڕەئی حزب وەردەگیردرێت، جا ئەم ڕەئیەی ئەم بەڕێزە لای ئێمەمانان لەناو پارتی قبووڵ نییە! ڕاستە بیستوومانە بەڕێز پاڤێل تاڵەبانی گوتوبەتی بەڕێز مسعود بارزانی لە شوێنی مامی منە، ئەمە ئەدەبێکی بەڕێزیانە و شتی ترمان نەبیستووە لە بەڕێزیان، بەڵام ئەوەی لە ڕۆژنامەکە نووسراوە، شرۆڤەیەکی ناهاوتا و نارێکە، ئەمە لە لایەک لە لایەکی تر سڕینەوەی یەکێتی و سەرکردایەتییە بەڕێزەکەیانە، هەروەک ئاشکرایە تا ئەم هەفتەیەش برایانی یەکێتی لە ژێر چەتری سەرکردایەتی کۆن و بە سەرپەرشتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ کارەکانیان بەڕێوە بردووە، خۆزگە بۆ ئەم نووسینەش پێدابچوونەوەیان دەکرد، گەر ئەم بۆچوونە دووڕە لە ڕاستی و لەناو یەکێتی وەڵام دەبوو و دەدراوە، چونکە بۆ یەکێتی هەڵەیەکی مێژوویی، بۆ خەباتیان و سڕینەوەی سەرکردایەتییە و دڵنیام بۆ خودی بەڕێز پاڤێل تاڵەبانیش ئەم وتارەی کە نووسراوە گرفت و هەڵەیەکی مێژوویی و تێکدانی نێومااڵی یەکێتییە و سەرۆک بارزانیش پێویستی بە دیفاعی من نییە، زۆر لەوە گەورەترە، نزیکەی 50 ملیۆن کورد و جیهانیش شاهیدن کە ئەم سەرکردە و ڕابەرە کێیە و چییە و چ ڕابەرێکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئێمەی پارتی و دڵسۆزانی ڕێبازی بارزانی ڕاستەقینەی کوردایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی تاکە ڕابەر و ڕەمز و هێمای گەلی کوردستانە.

پاراستن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ئەرکی هەموو تاکێکی دڵسۆزە



شێرکۆ حەبیب



کوردستانیان لە چاوەڕوانی پێهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی کوردستان دان، دوای ئەوەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێزدار مەسرور بارزانی کاندیدکرد بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێم.

هەڵبەتە سەرەتای کارەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی ئاسان نابێت، بەڵکو هەوڵێکی یەکجار سەختی دەوێت بۆ ئاسایی‌کردنەوەی بارودۆخەکە بەتایبەتی دوای نزیکەی چوار ساڵ لە شەڕی دژ بە تیرۆر و ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و قەیرانی دارایی، کە ئەمانە هۆکار بوون لە نیگەرانی هاوواڵتیان.

هاوواڵتیان ئومێدێکی زۆریان بە کابینەی نوێیە، کە بتوانێت زامەکانیان ساڕێژ بکات ئەگەر بە ڕادەیەکی کەمیش بێت، دۆخەکە بگەڕێتەوە ئاستی ئاسایی، بێگومان دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە هۆکاری ئەم قەیران و لێکترازانە لە سەرووی توانای حکوومەتی هەرێم کە لەو ماوەیەدا بەوپەڕی شارەزایی و لێهاتوویی توانی تا ڕادەیەک بژێوی خەڵک دابینبکات، هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و گەڕاندنەوەی بودجەی کوردستان و لەگەڵ ئەو بارودۆخە نائاساییەی کوردستانیش بەخۆیەوە بینی، بەڵام حکوومەت توانی ئارامی و ئاسایشی کوردستان بەرقەرار بکات و گیان و سامانی هاوواڵتیان پارێزراو بێت، جگە لەمانە لە ماوەی سەرۆکایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کوردستان گۆڕانکاریەکی مەزنی بەخۆوە دی، بەتایبەتی هەولێر کە وەک پایتەختێکی مۆدێرن و سەردمیانە ئامادەی پێدەکرێت. ساتێک پارتی دێموکراتی کوردستان لە چاوەڕوانی پێهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی کوردستان دان، دوای ئەوەی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان ڕێزدار مەسرور بارزانی کاندیدکرد بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێم.

هەڵبەتە سەرەتای کارەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی ئاسان نابێت، بەڵکو هەوڵێکی یەکجار سەختی دەوێت بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بەتایبەتی دوای نزیکەی چوار ساڵ لە شەڕی دژ بە تیرۆر و ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و قەیرانی دارایی، کە ئەمانە هۆکار بوون لە نیگەرانی هاوواڵتیان.

هاوواڵتیان ئومێدێکی زۆریان بە کابینەی نوێیە، کە بتوانێت زامەکانیان ساڕێژ بکات ئەگەر بە ڕادەیەکی کەمیش بێت، بەڵام هێشتا بۆ ئاوارەکانی حوزەیرانی 2014 و دواتر نەوەک داعش بەتەنها کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو شۆینەوارەکانی ئەوان و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان ئەو بریانانەن کە هەموو ڕۆژ لەگەڵ یادەوەرییەکانیاندا دەکولێنەوە، ڕەعد یەحیا لە پەنجاکانی تەمەنیدایە و لە کەمپی نەمرودی نزیک لە مووسڵ دەژیێت، ئەو دەڵێت "بارانی چەند ڕۆژی ڕابردوو نزیکەی مەترێک ئاوی لەنێو خێوەتەکانماندا بەرزکردەوە". کەمپەکانی ئاوارەکانی نەنەوا هێشتا لە ئارادایە و پێناچێت چارەسەری کۆتایی ئاوارەکان کە خۆیان لە گەرانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیانی دەبێن بەمزووانە بێتەدی. چەند هاوینێکی هەڵگری گەرمی سەروو 50 پلەی سەدی و چەند زستانێکی سارد و پڕباران بەڕێ دەکەن، داعش چوو، ئەمان هێشتا لەو کەمپانە ژیان بەسەر دەبەن کە کاتی خۆی لە ترسی داعش و چەکدارەکانی پەنایان بۆ هێنابوو، چیرۆکی ئاوارەیی بەشێک لە دانیشتوانی مووسڵ چیرۆکی ئازاری سەدان هەزار کەسی بێ ماڵ و حاڵی بێ نازە کە شەو و ڕۆژ بەدیار بەسەربردنی ژیانێکی شایستەی بەمرۆڤ هەڵدەکەنەوە.

باران، مەترسییەکی دیکە بۆ سەر ژیانی ئاوارەکانی نەینەوا لەنێو کەمپی نەمرود دیمەنی ژیانێکی دیکەی تەواو کارەستبار دەبینرێت

ئافرەتێکی بەتەمەن لەنێو کەمپی نەمرود:
پێدەچێت بارانیش وەکو ئینسانەکان ڕەحممان پێ نەکات





دوای زیاتر ساڵێک لەمەوبەر سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی بە ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی ڕێککراوی تیرۆریستی "داعش" گوێی دونیای جۆش دا، بەڵام هێشتا بۆ ئاوارەکانی حوزەیرانی 2014 و دواتر نەوەک داعش بەتەنها کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو شۆینەوارەکانی ئەوان و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان ئەو بریانانەن کە هەموو ڕۆژ لەگەڵ یادەوەرییەکانیاندا دەکولێنەوە، ڕەعد یەحیا لە پەنجاکانی تەمەنیدایە و لە کەمپی نەمرودی نزیک لە مووسڵ دەژیێت، ئەو دەڵێت "بارانی چەند ڕۆژی ڕابردوو نزیکەی مەترێک ئاوی لەنێو خێوەتەکانماندا بەرزکردەوە". کەمپەکانی ئاوارەکانی نەنەوا هێشتا لە ئارادایە و پێناچێت چارەسەری کۆتایی ئاوارەکان کە خۆیان لە گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیانی دەبێن بەمزووانە بێتەدی. چەند هاوینێکی هەڵگری گەرمی سەروو 50 پلەی سەدی و چەند زستانێکی سارد و پڕباران بەڕێ دەکەن، داعش چوو، ئەمان هێشتا لەو کەمپانە ژیان بەسەر دەبەن کە کاتی خۆی لە ترسی داعش و چەکدارەکانی پەنایان بۆ هێنابوو، چیرۆکی ئاوارەیی بەشێک لە دانیشتوانی مووسڵ چیرۆکی ئازاری سەدان هەزار کەسی بێ ماڵ و حاڵی بێ نازە کە شەو و ڕۆژ بەدیار بەسەربردنی ژیانێکی شایستەی بەمرۆڤ هەڵدەکەنەوە.

لەتاو بارانی بەخۆڕ خەو و خۆراکمان نەماوە

لەنێو کەمپی نەمرود ئافرەتێکی بەتەمەن کە پێدەچوو ئەم چوار ساڵ ئاوارەییە تەواو شەکەتی کردبێت گوتی: پێدەچێت وەکو ئینسانەکان بارانیش ڕەحمان پێ نەکات، ئەوە چەند ڕۆژێکە لەتاو بارانی بەخۆڕ نە خەو و نە خۆراکمان نەماوە، هەرچییمان هەبوو وێران بوو، تەنانەت خیوەتەکەشمان و هەموو کەلوپەلەکانی نێوی لەبەر بارانا تێکچوو. ئەو ئافرەتە کە جلێکی نیلیی پۆشیبوو و دەمی هەڵپێچابوو، جگە لە چاوەکانی هیچ شوێنێکی دەموچاوی دیارنەبوون، ئەو لە پەنجاکانی تەمەنی دایە، لەنێو کەمپی نەمرود کە نزیک بە 30 کیلۆمەتر لە مووسڵەوە دووڕە دەژیت، ئەو پێش هاتنی داعش لە شارۆچکەی تەلەعفەر دەژیا، خاوەنی پێنج منداڵە و یەکێکە لە قوربانییەکانی شەڕ لە عێراق، نەزیرە کە هەموو قسەکانی پڕبوون لە گلەیی و گلەییەکانیشی پڕبوون لە سادەیی و ڕاستی گوتی: چەند ڕۆژێکە باران ژیانی لێ ئاڵۆزکردووین و لە هەموو شوێنێکی ئەم کەمپەوە ئاو دێتە ژوورەوە، قوڕ و لیتەی ناو کەمپ هەر باس مەکە، هیچ خۆراکێکمان دەست ناکەیت، لێرە ژیان زۆر بەقورسی دەڕوات و مەژی و مەمریە، خۆزگە بمانتوانیبا بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، کەس ئیش بۆ ئێمە ناکات تا بگەڕێینەوە و وەکو مرۆڤ بژیین.

بارانی بەخۆڕ ژیانی لێ تاڵ کردین و هەموو شتێکمان بوو بە ئاو

هەینی ڕابردوو بارانێکی بەخۆڕ پارێزگای نەینەوای هاوشێوەی زۆرینەی پارێزگاکانی عێراقی گرتەوە، بەڵام جیاواز لە هەمووان بۆ ئاوارەکان ئەم بارانە چیرۆکی زیاتر هەڵدەگرێت، هەزاران خێوەتی کەمپی ئاوارەکان لەگەڵ قوڕ و لیتە تێکەڵبوون و باران هەمووی تێک و پێکدا، هەرچی ئەوانەی ژێر خیوەتەکانیش بوون لەوپەڕی نەهامەتییدا ماونەتەوە کە هێشتا شوێنەواری ئەو بارانە زۆرە لەنێو کەمپەکاندا بە ڕوونی دەبینرێت. ڕەعد پیاوێکی ڕیش سپیی نێو کەمپەیەکە کە بۆ وەرگرتنی بەشە یارمەتییەکەی کە ڕێکخراوێکی خێرخوازی وەکو بەهاناوەچوونیان بۆی هێنابوون لە چاوەڕوانییدا بوو، ئەو کە لە ڕێگەی دوو دارشەقەکەیەوە دەتوانێت بڕوات، ئەوەی گوت کە چەند ڕۆژی ڕابردوو دۆخیان لەوپەڕی خراپیدابووە. ڕەعد یەحیا کە سەر و ڕیشی سپی بووە گوتی: پاش ئەوەی خوای گەورە و میهرەبان چەند ڕۆژی ڕابردوو ئەو بارانە زۆرەی دابارانـد زۆرینەی هەرە زۆری خیوەتەکان یان هەمووی ڕاستتر بڵێم پڕ پڕبوون لە ئاو و وای لێ هات لە زۆر لە خیوەتەکان مەترێک ئاو بەرز بووبوو و ئەمەش ژیانی لێ تاڵ کردین و هەموو شتێکمان بوو بە ئاو، بۆیە داوا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ئیسلامییەکان دەکەین کە بەهانامانەوە بێن و چارەسەرێک بۆ بارودۆخی ئەو خەڵکە هەژارە بدۆزنەوە.

داعش بەشێکی زۆری مێژووی عێراق و مووسڵیان کرد بە خۆڵەمێش

لە کەمپی نەمرود کە چەند کیلۆمەترێکی کەم لە شوێنەوارەکانی نەمرود یەکێک لە دیارترین ئەو شوێنەوارانەی چەکدارانی داعش بە بیانووی "نەگونجانی لەگەڵ شەریعەت" تەقاندییانەوە و بەو پێیە بەشێکی زۆری مێژووی عێراق و پارێزگاکەیان کرد بە خۆڵەمێش ئاوارەیەکی زۆری چەند ناوچەیەکی جیاوازی پارێزگای نەینەوا دەژیین. لە کەمپی نەمرود کە نزیک بە 750 خێزان کە ژمارەیان نزیک لە چوار هەزار کەس دەبێت دەژین، ئەمانە بەزۆرینە خەڵکی شارۆچکەی تەلەعفەر و شنگالن، بەشێکی دیکەش خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری مووسڵ و هەشیانە پێش هاتنی داعش لەنێو مووسڵدا بوون، لێرە بەهەردوو زمانی عەرەبی و تورکمانی قسەی ئاوارەکانت گوێ لێ دەبێت وەکو چۆن چیرۆکی جیاواز هەن.

باران هەموو شتێکی ئێمەی وێران کرد

هەروەها ڕوەیدە عومەر ژنێکە لە چلەکانی تەمەنیدایە، لەگەڵ سێ منداڵەکەی لەنێو کەمپەکەدابوو، ئەو دوو لە منداڵەکانی کەم ئەندامن و لە قسەکانیدا زوو زوو داوای هاوکاریی بۆ دەکردن، ئەو دەیگوت چەند ڕۆژی ڕابردوو بارانێکی زۆر کەمپەکەی تەنیوە تەنانەت نەیانتوانیوە لەژێر خێوەتەکانیشدا خۆیان ڕابگرن بە هۆی بوونی ئاوی زۆرەوە، ئەو گوتی: هیچ شتێکم لەو لافاوە بەسەلامەتی دەرنەچوو، مەترسی لەسەر ژیانمان هەیە لەم کەمپانەدا، ئەگەر وا بڕوات ئەگەری کارەساتیش هەیە، بۆیە داواکارم بەزووترین کات بگەڕێینەوە شوێنەکانی خۆمان، چونکە ژیانمان زۆر ناخۆش و پڕە لە نەهامەتی، هەموو شتێکی ئێمە باران وێرانی کرد.

نییە قوڕاوی نەبێت

لەنێو کەمپی نەمرود هیچ پێڵاوێک نییە قوڕاوی نەبێت، هیچ پێیەکیش خاوێن و بێ قوڕ و لیتە نابینیت، هاوشێوەی جلوبەرگەکان خێوەتەکانیش لە قوڕ و تەپڕی بارانی چەند ڕۆژەی ڕابردوو تەڕ تەپن، منداڵانی ئەم کەمپەش بەم ساردیی زستانە قوڕ و لیتەی کۆڵانەکان و ئەو شوێنانەی ئاوییان تیادا کۆبوونەتەوە بە دەرفەتی یاریکردن تێیاندا دەبەیتن، بێ باک لەوەی نەخۆشی زۆریان بۆ دەهێنێت. لەنێو کەمپی نەمرود دیمەنی ژیانێکی دیکەی تەواو کارەستبار دەبینرێت کە جگە لە بێکاری و نەبوونی سەرچاوەی بژێوی، ژیان بۆ بەشی زۆری ئەمانە ناچاربیە ئەگەرچی چاویشیان هێشتا لەسەر گەڕانەوەیە و ئومێدییان بەو ڕۆژەیە کە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی پێشوویان و کۆتایی ئەم نەهامەتییە ببێت، نەزیرە بەترسەوە دەیگوت: زۆرێک لە دانیشتوانی ئەم کەمپە منداڵی ساوان یان تەمەنیان لەخوار پێنج ساڵەوەیە، بۆیە ئەگەر لافاو دووبارە ببێتەوە ئەگەری کارەساتی لێدەکرێت و دەبێت زوو حکوومەتی عێراق بەهانامانەوە بێت و لەم کەمپانە ڕزگارمان بکات.



لە یادی بیرمەند و شێخی شەهیدان

شێخ عەبدولسەلامی بارزانیدا



سیامەند ستێلکی

سەد و چوار ساڵ بەر لە ئێستا و لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا، رابەری یەکەم بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بارزان، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، لە لایەن داگیرکەرانی عوسمانی لە شاری مووسڵ لە سێدارەدرا و شەهیدبوو. شێخی بارزان لە ساڵانی یەکەمی سەدەی بیستەمدا وەکو زانا و بیرمەندێکی مەزن لەپێناو چەسپاندنی عەدالەت و حەقخوازیی و یەکسانی و ئازادی و مرۆڤدۆستیدا و لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی جەوهەری ئایینی ئیسلام، پرۆژەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنەی بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لە دەڤەری بارزان ڕاگەیاند. پرۆژەکە لەم خاڵانەی خوارەوە پێکهاتبوو: پاراستنی ژینگە: لەپێناو پاراستن و جوان ڕاگرتنی ژینگە چەندان ڕێنمایی دەرکرد.

چەسپاندنی یەکسانی و دادپەروەری: لەپێناو نەهێلانی جیاوازی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و دەستبەرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی چەندین ڕێنمایی و ڕاسپاردەی دەرکرد، بە گوێرەی ئەو ڕێنمایانە ئەرک و ماف بۆ هەموو تاکێک بەبێ جیاوازی دیاری کرا.


ئازادی ئایینی: بەوپێیەی کە لەناوچەکەدا پەیڕەودارانی ئایینی کریستیان و یەهوودی هەبوون، شێخ هەموو ماف و ئازادییەکی بۆ دەستەبەرکردن و ئەوانیش وەکو موسڵمانان لە ئەرک و مافدا یەکسان بوون. واتە هیچ جیاوازیەک لە نێوان مرۆڤێکی موسڵمان یان یەهوودی یان کریستیان نەبوو.

دابینکردنی مافەکانی ئافرەت: بە حوکمی بوونی دەسەڵاتی باوکسالاری بەسەر ئافرەتاندا و بێبەشبوونیان لە هەموو مافێک، شێخ چەند ڕێنمایەکی بۆ دابینکردن و پاراستنی مافەکانی ئافرەتان دەرکرد. وەکو قەدەغەکردنی ژن بە ژنی، قەدەغەکردنی بەشیری مارەکردن، قەدەغەکردنی بەزۆر بەشووکردنی کچ، قەدەغەکردنی وەرگرتنی پارە (نەخت)، لە بەرانبەر بە شووکردنی کچ، سەربەستکردنی کوڕ و کچ لە پێکهێنانی خێزان (ژیانی هاوسەری)دا.

جگە لە مانە لە هەر گوندێک ئەنجوومەنێکی پێکهێنا و کاری ئەم ئەنجوومەنەش ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری هاوواڵاتیان و یەکخستنی هێز و تواناکان بوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو. هەر خێزانێکی بێ سەرپەرشت، یان هەژار هەبوایە، لە لایەن ئەو ئەنجوومەنەوە هاوکاری دەکرا.

ئەوکات بۆ چەپاسپاندن و جێگیرکردنی ئەم پرۆژەیە، شێخی بارزان نە هیچ هێزێکی سەربازی لەبەر دەستدابوو، نە هیچ هێزێکی مادەدی. بەڵام هێزێکی زۆر کاریگەرتری هەبوو، کە هێزی بیرباوەڕ و پەروەردە بوو. شێخی بارزان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا و لە میحرابی مزگەوتەکانەوە ئەو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەی بۆ هاوواڵاتیانی ناوچەکە شیکردەوە. لەو سەردەمەدا بارزان تەنها گوندێکی بچووک بوو. کاتێک خەڵک هەستی بەوەکرد، کە ئەو ڕاسپاردە و ڕێنماییانە سەد لە سەد لە بەرژەوەندی ژیانی ئەواندایە و کۆڕ و هاوڕاشن لەگەڵ جەوهەری ئایینی ئیسلام، ئەو ڕێنماییانە وەکو ئەرکێکی پیرۆز لە هەموو بواریکدا جێبەجێکران. لە ئەنجامدا گۆڕانێکی ریشەیی لە ژیانی خەڵکی گوندی بارزاندا دروستبوو، کاتێک خەڵکی دەوروبەری بارزانیش گوێبیستی ئەم پەیامەی شێخی بارزان بوون، گوندەکانی دەوروبەری بارزانیش ڕوویان لە تەکیەی بارزان کرد و بوون بە هەڵگری پەیامی شێخی بارزان. لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکی حەوت عەشیرەتی ناوچەکە کە بریتی بوون لە: شێروانی، بەروژی، مزوری، دۆڵەمەڕی، نزاری، هەرکی بنەجی، گەردی. بەسەر سنووردارەکانی عەشیرەتگەریدا بازیاندا و بوون بە هەڵگری پەیامی شێخی بارزان و لەسەر بنەمای بارزانیی بوون یەکیانگرت. واتە شێخی بارزان توانی ئینتیمای عەشیرەتگەری بگۆڕێت بۆ ئینتیمای پەیامێک کە پڕ بوو لە عەدالەت و یەکسانی و خوداپەرستی و مرۆڤدۆستی. لەژێر کاریگەرییەکانی ئەو پەیامەدا لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ڕێزگرتن لە بەهای مرۆڤایەتییەکان بۆ هەر تاکێک بووە پێوەر و بنەما. ئەمە سەرەتای ئامادەکاری بوو، بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ئازادیخوازانە لەپێناو بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد. بۆیە دوای یەکگرتنی ئەو حەوت عەشیرەتە، شێخی بارزان بزاڤێکی شۆڕشگێڕانەی دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕاگەیاند. لە یەکەم هەنگاویشیدا لە ساڵی 1907 سەردانی ناوچەی بادینانی کرد و لە تەکیەی بریفکانی نزیک دهۆک کۆبوونەوەی بە زۆرێک لە سەرۆکهۆزەکانی بادینان کرد و داوای لێکردن پشتیوانی شۆڕشەکەی بکەن، لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو سەرۆکهۆزەکان پشتیوانی خۆیان بۆ شێخی بارزان دووپاتکردەوە و بڕیاردرا بۆ دەستبەرکردنی مافەکانی کورد، یاداشتێک بدرێتە دەسەڵاتدارانی عوسمانی. یاداشتەکە بە ئیمزای زۆربەی ئامادەبووان بۆ عوسمانییەکان ڕەوانەکرا و کاتێک یاداشتەکەیان بەدەستگەیشت یەکسەر شێخی بارزانیان بە هەوڵدان بۆ پارچەکردنی ئومەتی ئیسلامی تاوانبار بارزاندا دروستبوو، کاتێک خەڵکی دەوروبەری بارزانیش گوێبیستی ئەم پەیامەی شێخی بارزان بوون، گوندەکانی دەوروبەری بارزانیش ڕوویان لە تەکیەی بارزان کرد و بوون بە هەڵگری پەیامی شێخی بارزان. لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکی حەوت عەشیرەتی ناوچەکە کە بریتی بوون لە: شێروانی، بەروژی، مزوری، دۆڵەمەڕی، نزاری، هەرکی بنەجی، گەردی. بەسەر سنووردارەکانی عەشیرەتگەریدا بازیاندا و بوون بە هەڵگری پەیامی شێخی بارزان و لەسەر بنەمای بارزانیی بوون یەکیانگرت. واتە شێخی بارزان توانی ئینتیمای عەشیرەتگەری بگۆڕێت بۆ ئینتیمای پەیامێک کە پڕ بوو لە عەدالەت و یەکسانی و خوداپەرستی و مرۆڤدۆستی. لەژێر کاریگەرییەکانی ئەو پەیامەدا لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ڕێزگرتن لە بەهای مرۆڤایەتییەکان بۆ هەر تاکێک بووە پێوەر و بنەما. ئەمە سەرەتای ئامادەکاری بوو، بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ئازادیخوازانە لەپێناو بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد. بۆیە دوای یەکگرتنی ئەو حەوت عەشیرەتە، شێخی بارزان بزاڤێکی شۆڕشگێڕانەی دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕاگەیاند. لە یەکەم هەنگاویشیدا لە ساڵی 1907 سەردانی ناوچەی بادینانی کرد و لە تەکیەی بریفکانی نزیک دهۆک کۆبوونەوەی بە زۆرێک لە سەرۆکهۆزەکانی بادینان کرد و داوای لێکردن پشتیوانی شۆڕشەکەی بکەن، لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو سەرۆکهۆزەکان پشتیوانی خۆیان بۆ شێخی بارزان دووپاتکردەوە و بڕیاردرا بۆ دەستبەرکردنی مافەکانی کورد، یاداشتێک بدرێتە دەسەڵاتدارانی عوسمانی. یاداشتەکە بە ئیمزای زۆربەی ئامادەبووان بۆ عوسمانییەکان ڕەوانەکرا و کاتێک یاداشتەکەیان بەدەستگەیشت یەکسەر شێخی بارزانیان بە هەوڵدان بۆ پارچەکردنی ئومەتی ئیسلامی تاوانبار کرد و دەستیان بە لەشکرکێشی کرد بۆ سەربارزان. مخابن هەموو ئەو سەرۆک هۆزانەی کە بەڵێنیان بە شێخی بارزاندا بوو تا پشتیوانی لێ بکەن ، لە بەڵێنەکەیان پاشگەزبوونەوە و شێخی بارزان و خەڵکی دەڤەری بارزان بە تەنیا ڕووبەڕووی سوپای عوسمانییەکان بوونەوە، بارزان و هەموو گوندەکانی ناوچەکەش سوتێندران، بەڵام شۆڕشگێڕانی بارزانی تەسلیم بە ئیرادەی داگیرکاری نەبوون. بەڵکو بۆ ماوەی حەوت ساڵ شۆڕش بەردەوام بوو، مخابن دوای تۆمارکردنی دەیان و سەدان داستانی پڕ لە سەروەری کۆمەڵێک خیانەتکار و خۆفرۆشی کورد لە ناوچەکانی نزیک ماکوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شێخی بارزان و چەند شۆڕشگێڕێکی دیکەیان لە پیلانێکی خیانەتکارانەدا دەستگیرکرد و تەسلیم بە داگیرکەرانی عوسمانیان کردن. ئەوەبوو لە ڕۆژی (1914/12/14) شێخی بارزان لە شاری مووسڵ لە لایەن داگیرکەرانی عوسمانییەوە لەسێدارەدرا و شەهید بوو، ڕەحمەتی جەلال تاڵەبانی لە وتارێکیدا کە لە 2005/10/17 کە لە ڕێورەسمی هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوانی بارزان، پێشکەشیکرد لەوبارەیەوە دەڵێ: (کاتێک تورکەکان شێخ عەبدولسەلامی بارزانیان بەرەو سێدارە برد، شێخی بارزان بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و گوتی: قوربەسەرتان بە کوشتنی من کورد خەڵاس نابن، هەر قەترەیەکی خوێنی من، دەبێتە بورکانێکی ئاگر و لە بارزان بەرزدەبێتەوە و ئێوە دەسووتێنێت). بێگومان ئەم فەرمودەیەی شێخی بارزان، وەکو ڕۆژێکی ڕوناک لە مێژووی کوردا دەدرەوشێتەوە. هەر لەو ڕۆژەدا بارزان لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا بووە قوتابخانەی پێگەیاندنی ئازادیخوازان و لانکەی شۆڕش و سەرهەڵدان. هیچ هێزێک نەیتوانی کۆتایی بەو ڕێبازە پیرۆزە بێنێت کە شێخی بارزان بە خوێنی پیرۆزی خۆی بەردی بناغەی بۆ داناوە و هەر لەو ڕۆژەوەش بارزانییەکان لە شێخ عەبدولسەلامەوە فێربوون کە هەمیشە لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا قوربانی بدەن، شێخ عەبدولسەلام، بارزانییەکانی فێرکرد کە هەمیشە مردنێکی سەربەرزانە و شەرفمەندانە لەپێناو حەق و عەدالەت و ئازادیدا هەڵبژێرن.

بێگومان دوای شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەد (خودانی بارزان) و بارزانیی نەمر بە ئەمانەتەوە درێژەیان بە هەمان ڕێباز داوە و ئێستا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە یەک سەدە ئەو ڕێبازە پیرۆزە، ڕێبازی بارزانیی نەمر، بە ڕابەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی بەردەوامە و تا گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستانیش بەردەوام دەبێت.



شەنگە هاوارکاکەیی

من سوالّکەری هەمووانم!

گفتی مەلیک عەبدوللا، کوڕی شای حوسێن میرنشینی ئەردەن کاتێک ڕۆژنامەنووسێک بە پرسیارێکی ئاراستەکراوە و ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە گوایە لە وڵاتەکەیدا خەڵکی کەمدەرامەت و سوالّکەر بەدینا کرێن و بە دەگمەنیش ناکەوێتە بەردیدە و چاوان؟ بەو پێیەی کەوا زۆر گەڕاوە و سوڕاوە بە پرسیار و مژووڵخواردن و لێکۆڵینەوە دەربارەی پرسی خۆشگوزەرانیان، بەڵام، هەرگیز بە ڕێککەوتیش سوالّکەرێک هەڵنەکەوت لە شەقامە سەرەکییەکاندا هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەردەنی بێت و لە ژێر هێڵی هەژاریدا بێت! لە وەڵامدا دیارە شا فەرموویەتی کەوا باش نەگەڕاوە! بە سەرسوڕمانەوە، ڕۆژنامەنووسی میوان پێیوابوو تێگەیشتنی هەڵە نەبووە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا گەیشتووەتە ئەم قەناعەتە و پرسیارەکەی هەڕەمەکی نەبووە، بەپێچەوانەوە تەقەڵای ماندووبوونی لە کۆششەکانیدا بووە و ئەم دەرئەنجامەی لێکەوتەوە، سەرکردەی نەتەوەیی ئەوەیە نەک تەنها شەڕ بکات، بەڵکو گەلەکەی خۆی بەرەو ژیانێکی ئاسووده ببات و کە قوتابخانەی بارزانی کانیاوێکی فێربوونە، ئەوەی لەو سەرچاوە ئاوی خواردبێتەوە، قورگی ئاشنایەتی بە سازگاریدا ڕوابێتەوە هەرگیز سڵ لە ڕاستییەکان ناکاتەوە، کەوا ئەم سەرکردەیە ڕێنیشاندەر و خەمخۆری گەلی کورد بووە و ڕاستگۆیی قوربانیدان خەسڵەتێکی نەگۆڕە بە کەسایەتی و بە خودی ئەم سەرکردە مەزنەدا پێکابوو لە تێکۆشان و لە بەرخودان بۆ گەل و نیشتمان، بۆ پرسە هەستیارەکان، بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە ئابوورییەکان کەوا تێکەڵ بە ژیان و ژیانەوەی هێزە چەکدارەکانی دەبوون لە بەرەکانی جەنگدا و لە دۆخی ئاساییدا.

ئەوەی جێگای ئامادەدانە لە دانیشتن، خۆش چەرەی هەر هەڤاڵێک لە هەڤاڵانی بارزانیی نەمردا بۆن بەرامەتی داستانی ڕابردوو و هەڵوێست نواندن تاسەت دەشکێنێ بە خوێندنەوەو بیستنیان، کە دەشێ بۆ ئامادەبوونی دیرۆکانی سەروەری لە شێوەی دیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوەدا خۆیان بنوێنن کە پڕن لە بەها بۆ مرۆڤایەتی، پڕن لە وێناو و لە تەلیسمی جوانی کە دەبینین داستان لە دوای داستان دەڕێتەوە بە چیرۆکی قارەمانی بۆ دەربازبوون لە دۆخی نەخوازراو بۆ پەرینەوە و بۆ هاتنە دی ئامانجە ی نەتەوەیەی گەلەکەمان بە بیستنیان هەڵوێست لەت دەبێ بە دوو کەرتکەوە بەشێک لە پڕشنگی ڕابردوو دەمێنێتەوە بەشێک بۆ داهاتوو، ئایندەمان دەتوێتەوە بەم پێیە و لەم سۆنگەیەدا هەڵگرتنی ئەرک و بەرپرسیارێتی و قوربانیدان بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بۆ و ئازادی خۆشگوزەرانی وڵات بە ڕێچکەیەک ئەژمارە لە گەنجینە و کولتوور ڕەهەند و ئایدیای فیکری بارزانیی نەمردا کە وەکو پاشخان لەم مەدرەسییەدا ماوەتەوە، بۆ شڵکردنەوەی گرێکوێرەی ئاریشە هەڵپەسێردراوەکان دا کە پەیا دەبن لە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لەپەند و مەوقیفە جوانەکانی ئەم سەرکردە مەزنەدا بوونیان هەبوو وەکو ئامرازی چارەسەر و پەرینەوە و دەربازبوون بۆ کەناری ئارام، بۆیە نواندنی دڵسۆزی سەبارەت بە گەلی کورد ئامرازێکی نەپچڕاو نییە بۆ پەرینەوە لە دەهلیزە تاریکەکانی ستەم. یەکێک لەو وانە پڕ بایەخانەی ئەم سەرکردە مەزنە کە هاوشانی وەڵامی گفتی کۆڕی شاە حوسێنە بگرە! پڕ بایەخ و بەهێزترە چونکە! هەڵوێست نواندن و گەورەیی خزمەتکردن لە بارودۆخێکی دژواردا زۆر سەختر و جیاوازە کەوا لە کەشێکی ئارام دوور لە هەڕەشە و کوشتن و قات و قڕیدا بسەلمێت، هەڵبەتە! ئەگەر ڕۆژێمێر ئەم قارەمانێتیانە کە بە ئەژمار دەکرێن، ئەگەر هاتوو بێتە دواندن هەر چرکەیەکی بۆ ڕەخسانی تۆمارێوونی داستانێکە لە هەمان کات شکۆ و شانازیەکە بۆ دۆزی نەتەوەی گەلی کورد، چونکە بە هاوشانی خەت و ختوتی زەمەن نووسراوە، لە لاپەڕەی یادەوەرییەکاندا کە ناسڕێتەوە بە هیچ شێوەیەک بەڵام! کە سەرنجمان بۆ جوانترین هەڵسوکەوت ڕەفتار دەچێت، لەم بەراوردکردنەوەدا تەنها زەنگێکە بۆ بە بیرهێنانەوە لە ڕۆڵی ئەم سەرکردە بۆ ئەوەی تەمی خۆزگە ئاسمانمان نەپۆشێت و ئەوە کە ئەمڕۆ کوردێ شاە حوسێن خاوەن ئەم گفتەیە! ئەوە ئێمە دوێنێ بەرابەرایەتی سەرۆک بارزانی سەروەر و سەلاری بووین، بەڵام! کە ئامانجمان نەپێکاوە لە خۆشگوزەرانیدا هەڵبەتە بە هۆی ئەو کۆتوبەندانەن کەوا لەبەردەم پرسی سەربەخۆییدا هاتووەتە ئاراوە، ئەگەر وڵاتی ئەردەن شایەکی هەبێ سوالّی بۆ بکات، ئەوە سەرکردەی ئێمە بە بنەماڵەوە خۆیان جەختکردووە بۆ قوربانیدان. بێگومان دۆخی نەخوازراو لاسەنگی هاوکێشە سیاسییەکان و مۆنامەرە دەولیەکان هەمیشە ڕێگر و کۆسپ بوونە بەرانبەر نەهاتنەدی ئامانجە نەتەوەییەکانمان لە ئازادی و سەرفرازی لە خۆشگوزەرانی، بۆیە ڕۆڵی بارزانی باوک زۆر بەرز خەملێندراوە لە ئاست هەڵگرتنی ئەرکی بەرپرسیاریەتیدا چ وەکو پێشمەرگەیەک، لەبەرەکانی شەڕدا چ وەکو سەرکردە و سەرۆک بۆ ناساندنی دۆزی کورد لە مەحافیلی دەولیدا کە بە هۆی کارامەی و کاریزمایی و لێهاتوویی سەرۆک بارزانییەوە بووە، چونکە بە کەسایەتییەکی وا شارەزا و پڕۆتیف ناسرا بوو لە بواری ڕامیاریدا چ وەکو خەفتنی خاکیەت و تەوازع لە هەڵسوکەوت لە ڕەفتارەکانیدا، چ وەکو سەرکردەیەکی مەیدانی لە بەرەکانی شەڕدا. ڕەنگە لەتکردن و نان لە خوانینەدی خۆراک و خواردنی لەسەر یەک خواندا بەرجەستەی ناوازەترین هێما و خەسڵەت بوون بۆ چرکاندنی هێزی خوداناسی و ناشتنی غرور و بوهیمیەت کە ئەمڕۆ بە بەڕۆکی بەشێک لە قوتابیانی قوتابخانەکەیدا شۆڕبووەتەوە، کە هەمیشە بۆ بەشە نەپچڕاوەی دیکەی ڕێبازەکەی جێگەی نەنگی و نیگەرانییە.


بۆیە پاراستنی کولتوور و ڕوئیای بارزانیی نەمر ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی بۆ زیندووبوونەوەی ڕەهەندە فیکرییەکانی ڕابەرێکی کۆڵنەدەر کە لەسەرجەم قۆناغەکانی ژیانیدا بۆ ئاسوودەیی گەلەکەی تێکۆشاوە، ئەمەش واتایەکی گەواهیدەرە بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان ڕواندنەوەی بە فزولی بوون لە ناخی هەر لایدە و عەوامێکی بێگانە، کە دەپرسێ کێ گەورەتانە ؟ لە وەڵامدا خوێنی شەهیدانمان دەفەرموون "بارزانیی باوکمانە، میر و شای نەتەوەی کوردانە".



میللەت مەهدی خلیل

لە چاوەڕوانی کوردستانێکی بەهێزدا

بە سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی سەرۆک مسعود بارزانی و ئەندازیاری ئاوەدانی کاک نێچیرڤان بارزانی و پارێزەری ئارامی وڵاتمان کاک مەسرور بارزانی بەرەو کوردستانێکی پڕ لە دەستکەوت و پڕ لە سەروەری و ئارام و ئاوەدان هەنگاو دەنێین و تەواوی خەونی ناحەزانمان لە گۆڕ دەنێین و هەرچی پیلانی دوژمنە ژێر خاک دەنێین و بە تەواوی دوژمن و ناحەزانی کورد و کوردستان دەڵێین ئەو شتەی لای ئێوە مستحیل بوو، لای ئێمەی پارتییەکان بوو بە ممکن، دەلیل لەسەر ئەو قسەیەم ئەوەیە دوژمنانمان چاوەڕوانی ناشتنی پارتەکەم پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، بەڵام بە ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی کوردستان و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە و دوو سەرکەوتنە مەزنەکەی هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و عێراق، تەواوی خەونی ناحەزان و دوژمنانی ئێمەی لە باربرد و بوینە تاکە حزب لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەم سەرکەوتنەش بۆ هەموو دونیا ڕوون بووەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی سەرکردەیەکی سیاسی و کاریزما و لێزان و بە توانا و بوێری وەک جەنابی سەرۆک (مسعود بارزانی)یە و بۆ هەموو عێراق و جیهانیش سەلێنرا کەوا جەنابی سەرۆک کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە کوردستان و ناوچەکە، دەلیل لەسەر ئەو قسەیەم، فەرشی سوور و پێشوازییە گەرم و گوڕەکانی لایەنە گەورەکانی عێراق و هاتنی شاندە یەک لەدوای یەکەکانی جیهانە بۆ لای مەرجەعی باڵا و فریادڕەسی هەموومان جەنابی سەرۆک کاک مسعود بارزانی بژی کورد بژی کوردستان ئاسوودەیی بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەروەری هەموو شەهیدان بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە لە یاد.



یادگار سدیق

پێشنیارێک لە یاسای بودجەی گشتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان

ئێستا، لایەنە کوردستانییەکان بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان، لەلایەکی ترەوە هاوڵاتیانی کوردستانیش چاوەڕوانن لە کابینەی نوێدا حکومەت بتوانێت سەربازی باشترکردنی ئاستی ژیانیان و ئیدامەدانی چاکسازی لە هەموو سێکتەرەکان بە ئامانجی سوود بەخشین بە کۆمەڵگا و دەرچوون لەم قۆناغە.

حکومەتەکان دەتوانن لە ڕێگەی چەندین سیاسەتەوە دەست بخەنە نێو کاروبارەکانی وڵات، یەکێک لەو سیاسەتانە بوونی سیاسەتی داراییە، حکومەت لە ڕێگەی سیاسەتی داراییەوە دەتوانێت دەستبخەتە نێو چالاکیە ئابووریەکانی وڵاتەکەی بە ئامانجی هێنانەدی ئەو ئامانجانەی حکومەت لەسەری پێکهێناوە بەتایبەتیش بوونی بودجەی گشتی کە حکومەت دەتوانێت لە ڕێگەیەوە ئامانجە گشتیەکان بەدی بهێنێت.

سەرەڕای بوونی چەندین تێبینیم لەسەر یاساکانی بودجەی سالانی ڕابردووی حکومەتی کوردستان، لە ماوەی ڕابردوو بە ئێستاشەوە لە ڕێگەی خەرجکردنەوەی داهاتی چەند وەزارەتێک لە خودی وەزارەتەکە داهاتێکی زۆر بە فیرۆدراوە. لە ماوەی چەند سالی ڕابردوو بە بە گوێرەی یاساکانی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت بۆ سالی 2013 لە مادەی دووەم بڕگەی دووەم باس لە خەرجکردنەوەی داهاتی چەند وەزارەتێک کراوە کە داهاتەکانیان لە خودی وەزارەتەکە خەرجدەکرێتەوە، لەوانە هەرێمەکە لە وەزارەتی تەندروستی بە سەرجەم فەرمانگەکانییەوە بە ئامانجی کرێنی دەرمان و ئامێر و پێڕاگەیشتنی خەرجییەکانی چاککردنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە هەمان بڕگە باس لە پارەی داهاتی وەزارەتی کارەباش کراوە بە سەرجەم فەرمانگەکانیەوە بۆ خودی وەزارەتەکە بە ئامانجی چاککردن و پێشخستن و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی کارەبا، هەروەها ڕێژەی سەدا پەنجای کۆی گشتی داهاتی ڕسوماتی مۆڵەتدان و ڕسوماتی تۆمارکردن و ئەو غەرامانەی وەزارەتی ناوخۆ وەریاندەگرێت خراوەتەوە سەر بودجەی ئەو وەزارەتە بە مەبەستی خەرجکردنی لە پێناو سەلامەتیی هاتوچۆیی.

بەڵام ئەگەر تێبینیمان کردبێت نەتوانراوە بێ بەرزی نرخی نەوت و داهاتی نەوت هیچ گۆڕانکارییەک لەو کەرتانەدا بکرێت سەرباری پاشەکشەکردنییان بوونەتە هۆکارێک بۆ بەفیرۆدانی داهاتی گشتی. لە ساڵی 2013 بەهۆی بەرزی نرخی نەوت و تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر بۆ کەرتی کارەبا حکومەت توانی لە وەرزی هاویندا پێدانی کارەبا بگەیێنێتە 23 کاتژمێر هەر چەندە کێشەی گەورەی ئەو وەزارەتە لە وەرزی زستاندایە، بەڵام دوای زیاتر لە پێنج ساڵ ئەم کەرتە سەرباری خراپی کەرتەکە و پاشەکشەکردنی بەراورد لەگەڵ خواستی هاوڵاتیان بوونەتە فشار لەسەر هاوڵاتیان، بەهەمان شێوە کەرتی تەندروستی و ئەرکەکانی سەر وەزارەتی ناوەخۆی لە بەرزبوونەوەی فشاری سەر هاوڵاتیان هیچ ڕۆڵێکی تریان نەگێڕاوە ئەمانجەکانیان نەهێناوەتەدی.

پێویستە لە کابینەی نۆیەم زۆرترین هەوڵی کەمکردنەوەی گەندەڵیی و بنیاتنانی ئابووریەکی پێشکەوتوو بدرێت لەناو داموەدزگاکانی حکومەتدا و هەوڵبدرێت لە یاسای بودجەی گشتیدا داهاتی هیچ وەزارەتێک ڕاستەوخۆ لە لایەن خودی وەزارەتەکەوە خەرج نەکرێتەوە ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک:

یەکەم: بەفیرۆدانی داهاتی گشتی، بەتایبەتیش ئەگەر حکومەت لە چۆنیەتی خەرجیەکانی نەکۆڵێتەوە.

دووەم: دەبێتە هۆی دروستکردنی فشار لەسەر هاوڵاتیان لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ڕسوماتەکان و ...هتد چونکە ئەگەر داهاتەکان نەگەڕێنەوە خەزێنەی گشتی هەوڵدەدرێت زۆرترین داهات کۆبکەنەوە و لە بەرژەوەندی تایبەت خەرجی بکەن.

سێیەم: سەرهەڵدانی دیاردەی بەرتیل و جۆرەکانی تری لە دامەزراوەکانی حکومەت.

چوارەم: سەرباری ئەوەی ئەم وەزارەت و دامەزراوانە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی فشار خستنە سەر هاوڵاتی بە بەرزکردنەوەی ڕسوماتەکان، هەڵدەدەن لە ڕێگەی دروستکردنی بیزنسی بچوک بچوک لە نێو کەرتەکان داهاتێکی تر دروست بکەن ئمونە دروستکردنی بەشێک بەناو (ڤی ئای ڤی) ئەمە دووەم لەو ئامانجەی کە حکومەت لە بنەڕەتدا لەسەری بنیاتنراوە.

پێنجەم: ناشرینکردنی حکومەت لە پیناو چەند کەسێکی تایبەت.

لەگەڵ چەندین لایەنی نەرێنی تر، بۆیە پێویستە لەسەر کابینەی نوێ هەوڵبدات لە ڕێگەی سیاسەتی داراییەوە ئامانجەکانی بهێنێتە دی ئەویش بە دارشتنی سیاسەتێکی دارایی گونجاو بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بە گەرانەوەی داهاتی ناوەخۆ بۆ خەزێنەی گشتی بە سەرجەم کەرتەکانیەوە و لە خەرجی سەرجەمیان بکۆڵێتەوە، چونکە ئەگەر حکومەت هەوڵنەدات داهاتەکانی خۆی جۆراوجۆر بکات ئەوە نرخی ئەمڕۆی نەوت پێمان دەڵێت داهاتووی جیهان بۆ ئەو نەتەوانەیە کە خاوەنی فرە داهاتی جۆراوجۆرن ڕەنگە ڕۆژێک وزە پاکەکان دەرفەتی ئەوە بە ئێمە نەدەنەوە خاوەنی سەرچاوەی داهاتێک بین لە ڕێگەی هەنارەدەکردنی نەوتەوە.



هەنگاوە ئیدارییەکانی کابینەی نۆیەم



د. حەکیم مێرگەسۆری*

ئێستا یەکێک لە مژارە هەرە گەرمەکانی گەنگەشەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شەکەت و ماندووی ئەم هەرێمە، کاندیدبوونی بەڕێز مەسرور بارزانییە بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەگەر گوێمان بۆ تەتەڵە و مقۆمقۆکان شڵ بکەینەوە ئەوا گوێبستی چەندین پرسیاری جیاواز دەبین، کە نووسەر هندێکیان بەرجەستە دەکات: دەبێ ڕۆئیا و ئامانج و ستراتیژی و پلانی چوار ساڵی داهاتوو چ بێت؟ چۆن کوردستان لەم ئاڵنگارییە سیاسی، ئابوورییە، ڕزگار دەکرێت؟ ئایا بەرەنگاری گەندەڵکاران دەبێتەوە؟ ئایا دەتوانێ متمانەی ناوخۆ و دەرەکی بەدەست بهێنێت؟ ئایا ئەم کابینەیە داپەڕوەری و هەڵپەڕەیتی دەکاتە سەرمەشقی ئیشوکارەکانی؟ ئایا گۆڕانکاری ئەنجام دەدرێن؟ ئەگەر وەڵام ئەرێنییە، بە چ شێوازێک؟. هەروەک خوێنەری بەڕێز تێبینی دەکات ئەوا ئەرکی سەرۆکی کابینەی داهاتوو ئاسان نیە و بەرپرسیارێتییەکی ئێجگار زۆری دەکەوێتە سەر ئەستۆ.

4

هەنگاوی چوارەم: بنیاتنانی داربەستی ئیداری و پێناسەکردنی پێگە ئیدارییەکان

کێشە و تەنگ و چەڵەمەیکی تری هاوڵاتیانی کوردستان کە بەدەستیەوە دەناڵێنن، ئەوەیە کە سەردانی وەزارەت و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکەن و بۆ جێبەجێکردنی معاملەییەک پێویستە سەردانی چەندین ژوووری وەزارەت و دامودەزگای حکومی بکەن و ئەگەر کتابەکانیان ون نەبن ئەوا ڕایی کردنی ئیشەکانیان ئەگەر بە مانگ نەبێ، بەلایەنی کەم چەندین ڕۆژی پێویستە و دەبێ لە ناحیە و قەزایەکی کوردستان چەندین جار سەردانی هەولێری پایتەخت بکات.

ئموونەی ئەم خزمەتگوزارییانە دەکرێ بەناوکردنی ئۆتۆمۆبێل، خانوو، زەوی، وەرگرتنی مۆڵەتی لێخوڕین، ئیجازەی ئیش کردن و کردنەوەی کۆمپانیا، دروستکردنی پاسپۆرت، نفوس، بەیان ولادە و چەندین خزمەتگوزاری تری حکومەت بێت. یاخود کارمەندێک بە نیازە لە وەزارەتێک بۆ وەزارەتێکی بگوازرێتەوە، پلەکەی بەرز ببێتەوە، یانیش خانەنشین بکرێت، بە ڕای ئێوە بۆ یەکسان کردنی وێنەی تۆمارێک (صورە قید) چ پێویست دەکات هاوڵاتییەک پەنجا و سێ ژوور و نۆ بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتی حکومەت بکات، یاخود گواستنەوەی فەرمانبەرێک چ پێویستی بە واژۆی سەرۆکی حکومەتە، ئەدی ئیش و دەستەهەڵاتی وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان چییە، یانیش ئەرکەکەی ئەوەیە لە جیاتی دانانی پلان و ستراتیژی وەزارەتەکەی، بچێت لە پرسگە دابنیشێت و پێشوازی لە هاوڵاتیان بکات و ڕۆڵی کارمەندێکی ئاسایی پرسگە ببینێت.

دەبێ وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان خەون و ڕوئیای کۆمەڵگا کوردی بەدی بهێنن و متمانەی کۆمەڵایەتی بنیات بنێن و بەشێک بن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی وڵات و ئەرکی کەلتووری و پەروەردەیی و یەکڕیزی و یەکگرتوویی بگرنە ئەستۆ.

هاوڵاتیان دەیانەوێت کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە وەکو ئەو کۆمپانیانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن هەڵسووکەوت بکەن، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بە مافی ئەوان هەژماردەکرێت. ئەو بیروڕایەی کە دەڵێت هاوڵاتیان پارە بۆ خزمەتگوزارییەکان نادەن بۆیە ئەم مافەیان نییە، ئەوا بە هزرێکی نادروست و هەڵە دەستنیشان دەکرێت. چونکە بەڕێوەبەراتییەکان بریتیین لەو داموەدزگایانەی کە لە ڕێگای جیاوازەوە بوودجە و پارەی پێویستیان بۆ دابین دەکرێت بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانیان بە کوالیتییەکی بەرز ئەنجام بدەن. بۆیە هاوڵاتیان مافی خۆیانە داوا بکەن و لە ئاستێکی بەرز خزمەت بکرێن.

بۆیە دووەم ئەرکی سەرۆک و وەزیر و بەڕێوەبەری کابینەی نۆیەم ڕێکخستنی ئیشوکارەکانی وەزارەت و فەرمانگەکانە، کە بریتییە لە باشترین بڕیار بۆ بەگروپکردنی چالاکییەکان و توانا کانی وەزارەت و فەرمانگەکان . کارایی و کارامەیی هەڵسووڕاندنی وەزارەتەکان پەیوەندیی بە یەکگرتوویی و باش ئیشکردنی ساختاری ڕێکخستنەوە هەیە کە ئامانجی دروست کردنی پێکهاتەکان، شوێنەکانیان و لێک بەستنەوەیانە، ئەمەش لەسەر بنەمای پێکەوە ئیش کردن بۆ سەرکەوتنی گشتی. ئەم هەیکەلە واتە هەموو تۆخمەکانی پێکهاتەیی، کە دەبنەهۆی بنیاتنانی حکومەت و کاردانەوەی دوولایەنەی پەیوەندییەکانی نێوانیان کە نەزم و تەکووزی ناوەکی دەبەخشن و دەستنیشانی شێوەی ئیشکردن و کاری هاوبەش دەکەن (دابەشکردنی دەسەڵات، پەیوەندی ئیشی هاوبەش، گواستنەوەی زانیاریەکان، شێوە و قۆناغی ئیشوکارەکان هتد.). بنیاتنانی حکومەت پشت بە دیزاینی ژمارە و جۆری یەکە و پێگەی وەزارەتەکان و دابەشکردنی ئیشوکارەکان لە نێوانیان، دەستنیشانکردنی ئاستی ئیداری و دابەشکردنی دەسەڵات بۆ بڕیاردان و دیارکردنی پەیوەندی تەکنۆلۆژیا و خزمەتگوزارییەکان دەبەستێت کە سیستەمی ئیشی پێکەوەیی و هاوبەش بۆ ئەنجامدانی ئیش و کارەکان و پێکانی ئامانجەکان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و یەکگرتوو دادەمەزرێنێت.

ساختار هەمیشە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ڕەوانی و باش ئیشکردنی وەزارەت و فەرمانگاکانی حکومی و ناحکومی، جێ بەجێ کردنی ئیشوکارەکان، کاردانەوە لەسەر ژینگە و شێوەی هەڵسووکەوتی خەڵک هەیە. لێرەدا ئێمە زیاتر جەخت لەسەر ڕوئیا و ئامانج و واتای بەهای دروست کردنی هەیکەل و کاردانەوەی لەسەر ئەندامەکانی دەکەین. هەروەها لەناو هەیکەلەوە دەتوانین ئەم شتانەش کورتبکەینەوە:

- بەشداریی کارمەندان لە کارەکان و بەرپرسیارێتی و شارەزاییان لە ئیشوکار.
- ئاستی دەسەڵات.
- گرێدانی کارمەندەکان بە گرووپەوە.
- سیستەمی پەیوەندی و گواستنەوەی زانیاریەکان.
- دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی.
- هاندان لە ڕێگای سیستەمی هەڵسەنگاندن و خەڵاتکردن.

کاروباری کارمەندانی حکومەت بە ستاندەرەکانی پەیڕەوکراوی ناو وەزارت و فەرمانگەکانەوە پەیوەستە، جا ئەم ستاندەرانە فەرمی بن یاخود نافەرمی. هەروەها سیستەمی دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی و گواستنەوەی زانیاری و شێوەی گفتگۆکردنی کومەڵایەتیی ناو حکومەتیش کاریگەریی لەسەر هەڵسووکەوتی کارمەندان هەیە.

هەیکەلی حکومەت بە تۆڕێکی چڕوپڕ و ئاڵۆزی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵێک خەڵک دادەنرێت، کە کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکان و ڕۆڵی بەڕێوەبەران و ئەندامەکانی بەشدار بوو لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان و مشتومڕ و کارایی ئیش و کارەکانەوە هەیە.

بە ڕای هەندێ تۆێژەر هەیکەلی ئیداری وەکو کۆمەڵێک پەیوەندیی لێک - گرێدراو و کار لێککەر هەژمار دەکرێت کە لە لایەک ئیشوکارەکان دابەش دەکات و لە ڕووەکەی تر یەکیان دەخات. هەروەها ڕۆڵی تایبەتمەندکردن (واتە دابەشکردنی ئیشوکارەکان بە سەر کارمەندی مەشق پێکراو و شارەزا لە جێبەجێ کردن)، بە ستاندەرکردن (واتە دەستنیشان کردنی شێوە و قۆناغەکانی ئەنجامدانی هەر ئیش و کارێک)، هەماهەنگ کردن (یەکگرتن و لێک-بەستنەوەی ئیشوکارەکانی کارمەندەکان)، دابەشکردنی دەسەڵات (واتە پێدان و دابەشکردنی ماف بەسەر کارمەندەکان بۆ ئەوەی بڕیار بدەن) دەبینێت.

بەبێ هیچ دوودڵی و گومانێک جۆرەکانی هەیکەلی ئیداریش کاریگەریان لەسەر هەڵسووکەوتی ئەندامانی ناو دام و دەزگاکاندا هەیە. هەڵسووکەوتی کارمەندەکانی هەیکەلی ڕاست و دروست، هەیکەل بنەڕەتی، هەیکەلی ئەرکی و ئەو ئۆرگانەی کە هەیکەلی ئیداریان نییە و ئەو هەیکەلانەی لە کۆنەوە ماون بە شێوەی جیاواز دەردەکەوێت.

حکومەت وەزارەت و فەرمانگەکانی بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە لەزگینەکانی ئێستا بگونجێنن پێویستە خاوەنی پێکهاتەیێکی ڕێکخراوەیی وا بن کە توانای خۆگونجاندنیان هەبێت و پێویستە کارمەندەکان لە دەستنیشانکردنی هەیکەلی ئیداری و چاکسازی لە هەیکەلی ئیداری بەشداربن، چونکە کاریگەریی لەسەر تێوەگلان و یەکگرتوویی کارمەندان هەیە و دەبێتە هۆی ڕەزامەندیی ئەوان. لەمە زیاتر هەیکەلی ئیداری بۆ کارمەندانیان دروست بکەن، نەک کارمەند بۆ هەیکەلی ئیداری.

کاتێک حکومەت هەیکەلەکەی بنیاتنا و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستنیشان کرد، یەکەبەیەکەی پێگەکانی هەیکەلەکە لە سەرۆکی حکومەتەوە بگرە تاکو نزمترین ئاستی پێگەیەکی بەڕێوەبەرایەتییەکان پێویستە پێناسەیان بۆ بکرێت و بە دۆکیومێنت بکرێن، بە شێوەیەک وەڵامی پرسیارەکانی خوارەوە بداتەوە و گشت کارمەندەکان لێی ئاگادار بن:

ناوی پێگەی ئیداری؟

ناوی ئەو کەسەی ئەم پێگەیە بەڕێوەدەبات؟

ئەم پێگەیە لە بەرامبەر کێ بەرپرسە؟

کێن ئەوانەی لە بەرامبەر ئەم پێگەیە خاوەنی بەرپرسیارێتین؟

ئامانجی ئەم پێگەیە چییە؟

پلانی ئەم پێگەیە بۆ پێکانی ئەم ئامانجە چیە؟

ستراتیژی ئەم پێگەیە بۆ وەدەستخستنی ئەم پلانە چیە؟

گرنگترین ئەو چالاکیی و ئیشوکارانە چین کە پێویستە لەم پێگەیە ئەنجام بدرێت، بە پێی گرنگییان ڕێکیان بخە.

ئەو پێوەرانە چین کە ئامازە بە سەرکەوتنی بەدەستهێنانی ئامانجەکە دەدەن؟ ئەو ئەنجامانە چین کە داوا دەکرێت لە ڕاپەڕاندنی ئەم ئیشوکارانە؟

بۆ جێ بە جێ کردنی ئیشوکارەکانی ئەم پێگەیە چ زانست و زانیاریەک پێویستە؟

بۆ ڕاپەڕاندنی چالاکییەکانی ئەم پێگەیە چ توانایەک پێویستە؟

ئایا ئەم پێگەیە پەیوەندی لە گەڵ پێگەکانی تر هەیە؟ ئەگەر هەیە شێوە و بنەمای ئەم پەیوەندییە دەستنیشان بکە؟

بەرپرسی ئەم پێگەیە پێویستە چ تایبەتمەندییەکی هەبێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لە گەیشتن بە ئامانجە دەستنیشانکراوەکان، لە ڕووی ئاستی خوێندەواری، جۆری موشق و ڕاهێنان ئاستی ئەزموون و خزمەت، خەسڵەتی تاکەکەسی، توانا و بەهرەی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان؟

لە ڕوانگەی نووسەرەوە ئەگەر حکومەت و وەزارەت و فەرمانگەکانی، ڕێکخستن لە ئیشوکارەکان نەبێت، ئەوا ئاژاوە و پەشێوی بەدوای خۆدا دێنێت. لە بەڕێوەبردنیشدا پەشێوی و ئاژاوە وەکو دیاردەیەکی نەرێنی لە قەڵەم دەدرێت کە زیان بە کارایی چالاکییەکانی حکومەت دەگەیێنێت. هەروەها خراپ پلاندانان و پەشێوی لە ڕێکخستن دەبێتە مەترسی بۆ جێبەجێ کردنی کاروچالاکییەکان و دووڕکەوتنەوە لە مەیدانی ڕکەبەریدا. سەرەڕای ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کارمەندەکان مەیل و ئارەزووی ئیش کردنیان نەمێنێت و کات و هێز و تواناکانیان بە فیڕۆ بچێت.

*** دکتۆرا لە بواری بەڕێوەبردندا.**

نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی دوو کەسایەتیی کاریگەر لەپێناو کوردستانێکی بەهێز



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرپەرشتی سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی 3/12/2018، هەریەکە لە نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێم، مەسروور بارزانی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاندید کران، چاودێرانیش پێیان واییە، پارتی هەنگاوەکانی بەرە و کوردستانێکی بەهێز دەست پێکرد. سیاسەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئاوەدانی و ئارامی لە ڕێی نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی بە پاڵپشتیی سەرۆک بارزانی، کوردستانی گەیاندووەتە ئاستێک، کە هیچ پارێزگایەکی عێراق پێی ناگات، چ لە ڕووی ئاوەدانی چ لەڕووی ئاراممییەوە.



بەدڵنیاییەوە کاندید کردنی هەر دوو بەرێزان نێچیرڤان بارزانی ومەسروور بارزانی هەر لە خۆوە نەبووە ،بەڵکو بە پێی ئەزموون ولێهاتوویی لە ڕووی دەوڵەتداری و سیاسی و دیپلۆماسی ڕابردوویان هۆکارن بۆ ئەو دوو پۆستە هەستیارە و پێکهێنانی کابینەی نوێ، چاوی لەسەرە لە ناوخۆی کوردستان و لە دەرەوە، بێگومان خەڵکی کوردستان چاوەڕوانییەکەیان لەم کابینەیە بە پلەی یەکەم لە پارتی دیموکراتی کوردستانە ، بەو پێیەی پارتی زۆرترین کورسیی پەرلەمانی هەیە و خاوەنی دروشمی کوردستانێکی بەهێز بووە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین پارتی تاکە هێزە کە ڕاشکاوانە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و هەموو لایەک دواوە، ددانی ناوە بە قەیران و گرفتەکاندا و لە سەختترین ساتەکاندا ئومێدبڕاو نەبووە، هەر بۆیە دوای هەڵبژاردنیش ڕووی ئومێدەکان بە پلەی یەکەم لە پارتییە بۆ گەیاندنی کوردستان بە پلەی بەهێزی، ئێستا بە دیاریکردنی کاندیدانی پۆستی سەرۆکوەزیران و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پارتی هەنگاوی یەکەمی بەرەو دیاریکردنی کاندیدانی پۆستی سەرۆکوەزیران و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئێستا بە ڕەسمی بۆ ڕای گشتی ڕاگەیەنراوە، ئەمانە پێمان دەڵێن بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی بەهێز، پارتی لە ڕووی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتییەوە حسابی خۆی کردووە، بۆیە هەریەکە لە نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی کاندید کردوون بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت.

لەگەڵ بوونی بەربەست و کۆسپەکانی بەردەمی پارتی دیموکراتی کوردستان سالانێکە دەستی بە ئاوەدانی و دابینکردنی خۆشگوزەرانی کردووە، ئەویش لە ڕێی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکوەزیران و بە پاڵپشتیی سەرۆک بارزانی، توانی لە سەرجەم سێکتەرەکاندا خزمەت بە هاوواڵتیانی هەرێم بگەیێنێت، ئەویش لە ڕێگەی سیاسەتی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان.هەڵکەوتەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە، گرینگیی خۆی هەیە، دەکەوێتە نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا، لە ڕووی سامانی ژێرزەویيشەوە، وەک نەوت و غازی سرووشتی، زۆر دەوڵەمەندە، ئەوەش وا دەکات هەرێمی کوردستان بتوانێت ببێتە هاوبەشێکی باش لە دابینکردنی وزە بۆ جیهان، ساڵی ٢٠١٣ پارتی دیموکراتی کوردستان سیاسەتی دانانی بۆری گواستنەوەی نەوتی هەرێمی بۆ تورکیا دەست پێکرد، بۆڕییەکە لە خورمەڵەوە درێژ دەبێتەوە تا فیشخابوور، ئێستایش ڕۆژانە لە ڕێی ئەو بۆڕییەوە هەرێمی کوردستان نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات، هاوکات لە هەوڵی زیاترکردنی بەرهەمهێنانی غازی سرووشتیشدایە.پارتی، ئەو حزبەیە کار بۆ سیستمێکی ئابووریی پتەو دەکات تا لە ڕێیەوە خزمەت بە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بکات، هەبوونی ئابووریيەکی بەهێز، واتە بنیاتنانی وڵاتێکی بەهێز و ئارام، نێچیرڤان بارزانی کە جێگری سەرۆکی پارتییە و لە هەمان کاتیشدا سەرۆکوەزیرانی هەرێمە ، پیادەکار و جێبەجێکاری سیاسەتەکانی ئەو حیزبەیە بۆ بنیاتنانی ئابووریيەکی بەهێز، پارتی لە ڕێی ئەو و بە پاڵپشتیی سەرۆک بارزانی، هەرێمی کوردستانی خستە سەر پۆستەیش کە نێچیرڤان بارزانییە، دەوڵەمەندە بە ئەزموونێکی زۆر لەو ڕووەوە، سەرەڕای سەنگ و کەسایەتیی بەهێزی خۆی.لە بانگەشەی هەڵبژاردندا پارتی لە بەرنامە و کارنامەی خۆیدا، دڕووشمی پێگەی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا و کاراکتەری کاندیدی ئەم پۆستەیش کە نێچیرڤان بارزانییە، دەوڵەمەندە بە ئەزموونێکی زۆر لەو ڕووەوە، سەرەڕای سەنگ و کەسایەتیی بەهێزی خۆی.لە بانگەشەی هەڵبژاردندا پارتی لە بەرنامە و کارنامەی خۆیدا، دڕووشمی کوردستانێکی بەهێز و سەربەخۆ بەرزکردەوە، بەڵام هێشتا وردەکاری بیرۆکەکە دیارنییە ئایا چۆن ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت، بەڵام هەر هەوڵێک لەوبوارە کاریگەری لەسەر بودجەی عێراق و دارایی عێراق دروستدەکات... لە قۆناغی ڕابردوو پەرلەمانتارێک لە عێراق بەمووچە و ئیمتیازو پاسەوانەکانی مانگانە زیاتر لە 15ملیۆن دیناری وەرگرتووە، لەکاتێکدا خانەنشینی ئاسایی لە عێراق مووچەکەی کەمتر 500 هەزار دینار بووە، واتە پەرلەمانتارێک مووچەی 30 خانەنشین زیاتری ئاسایی وەرگرتووە، هەروەها پەرلەمانتار لەکاتی خانەنشینی 80% مووچەی وەرگرتووە، کە ئەمەش کارەساتە لەڕووی دارایيەوە بۆ عێراق کە بەو شێوەیە چوار ساڵ جارێک پۆلێک لە پەرلەمانتار کە زیاتر لە 300 کەس دەبن بە مووچەیەکی باڵا خانەنشین دەکرێن، لەکاتێکدا دەکرێت هەریەک لەوانە برۆنەوە سەر کاری پیشووی خۆیان... بەداخەوە ئەوەی لە عێراق و کوردستان دەگوزەرێت پەرلەمانتاری وەک بزنسی لیهاتووە، چوار ساڵ دەست بەرزدەکەیتەوە بۆ ئەوەی مووچەیەکی خەیاڵی وەربگرێت و کرین و فرۆشتن بە پۆستەکان دەکرێت لە عێراق... لەکوردستان هەوڵێک لە خولی ڕابردوو هەبوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتە لەرێگای یاسای چاکسازی بەڵام ڕێگری لێکرا و تیگەیشتنی تەواو لای هێزە سیاسییەکان نەبوو بۆ ئەوەی مووچەی پەرلەمانتار هاوتای مووچەی خانەنشینی ئاسایی بکرێت و بەپێی خزمەتی وەزیفی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت... ئێستا بۆ ئەم خولە بەشێک لە هێزەکان بانگەشەی پابەندبوون دەکەن بەو هیوایەی ئەنجامێکی باشی هەبێت.

ئەم بڕیارە وادەکات کە تەنیا ئەو کەسانە خۆیان کاندید بکەن کە ئامانجیان خزمەتکردنە

دکتۆرە میادە نجار ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بارەی یاسای خانەنشینی پەرلەمنتاران لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بێگومان من پێشتریش وەک چالاکوان و یاساناسێک زۆرجار لەڕێگەی نووسینەکانمەوە باسم لەوە کردیە پێویستە خانەنشینی پەرلەمانتاران بگۆڕێ یاسا ڕێکبخرێتەوە و پێداچوونەوەی بەخزمەتی ڕاژەی وەزیفی پەرلەمانتار و تەمەن و ئاستی بروانامە و ڕێژەی توانستی زانستیدا بکرێت، چونکە لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەگوێرەی یاسا خانەنشینی بۆ پەرلەمانتار ڕێکخراوە.

بێگومان دوای ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (محەمەد حەلبوسی) بەفەرمی داوای لە دادگای فیدرالی کرد کە خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵوەشێتەوە لەمەودوا ئەوان وەک فەرمانبەر ئاسایی خانەنشین بکرێن، لێرەدا ئەگەر ئێمە زیاتر لەم ڕستەیە بدۆین بەلۆژیکی عەقڵانی مامەڵەی لەگەڵ بکەین چونکە ئەنجومەنی نوێنەران دەسەلاتی ئەوەی نیە کە کارێک بکات ببێتە هۆی زیادکردن لە موازەنەی گشتی بەڵکو تەنها بۆی هەیە ئاڵوگۆڕی لە نێوان بەشەکانی موازەنەی گشتی بکات و لە حاڵەتی پێویست ئەگەر بڕێتە هۆی زیاد بوونی موازەنەی گشتی دەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێت. کە ئەمەش ئەنجام نەدرا لەکاتی دەرکردنی یاسای ژمارە 13ی 2018 سەرەڕای ئەمانە دەرکردنی ئەم یاسایە دژوارە لەگەڵ مادەی (130) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

جێگای ئاماژە پێکردنە ئەگەر دادگای فیدرالی حوکمی دەرکرد بە ناەدستوریەتی ئەم برگانەی تانەی لێدراوە ئەوا پێویستە لەسەر پەرلەمانی هەمواری ئەم یاسایە بکەنەوە جارێکی تر.

پێشنیار دەکەم کە یاسای پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیش هەموار بکرێتەوە و لەسایە توان و ئەزموونی سەرکەوتووی هەردوو سەرکردەی پارتی (نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی) خەڵکی کوردستان چاوبان لەوەیە لە چوار ساڵی ئایینەدەدا پێگەی کوردستان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و نێودەوڵەتییەوە بەهێزتر بکرێت، خزمەتگوزاریی پێویستیان پێشکەش بکرێت.



د. میادە نجار



بیلال سەعید، نووسەر



د. شاری نانەکەلی

خانەنشین کردنی پەرلەمانتارانی عێراق لە نێوان یاسا و خواستدا

خەبات:تریفە ئازاد

ڕۆژی پێنجشەممە 6ی تەم مانگە محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند کە پەرلەمانی عێراق لێخۆشبوونی مافی خانەنشینی تایبەتی ئەندامانی پەرلەمان لە یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق (پەرلەمان) بە دادگای فیدرالی عێراق ڕاگەیاندووە، حەلبوسی جەختی کرد کە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق لەمەوپاش هاوشێوەی هەر فەرمانبەرێکی عێراقی بەپێی یاسای خانەنشینی گشتی فەرمانبەرانی عێراق خانەنیشین بکرێن.

چەند سەرنجێکی یاسایی لەسەر یاسای پەرلەمانی عێراق و پێکهاتەکانی ژمارە 13ی ساڵی 2018

دکتۆر شاری نانەکەلی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: شایەنی باسە ئەم هەنگاوەی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە مووچەی خانەنشینکردنی ئەندامانی پەرلەمان کارێکی یاسایی و دەستوورییە و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی وواڵاتە و دە بێتە هۆی تاراوەیەک لە یەک نزیک بوونەوەی مووچەی خانەنشینینی ئەندام پەرلەمان لەهەر فەرمانبەرێکی تری دەوڵەت. لەبەرئەوەی دەرچوونی یاسای تایبەت بە خانەنشینین کردنی پەرلەمانتاران کە لەکۆتایی خولی پێشوو دەرکرا زۆر بە پەلە و بە نەپێنی دەرچوو و هیچ پاساوێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ دەرکردنی ئەم یاسا تایبەتەی خانەنشین کردنی ئەندام پەرلەمان جگە لە بەرژەوەندی تەسکی لایەنی ئابووری نەبێت کە ئەمەش جێگای شەرمەزاری و لەدەستدانی متمانەی هاوڵاتیانە بەم ئەندام پەرلەمانانەی خولی پێشوو ئەمە لەلایەک و لەلاکەی تر دەکردنی ئەم جۆرە یاسایەنە لەم ماوە کورتە و دوور لە ڕاگەیاندنەکان خۆی لەخۆیدا زۆر شت دەگەیەنێ، و بەڕای خۆم ئەمە دەربڕینی نیەتی شاراوەی ئەندام پەرلەمانەکانی خولی پێشوو بوو وهەروەها دەربڕینی ویستی ڕاستەقینەیان بوو کە دەرکەوت ئەوانە بۆخزمەت کردنی گیرفانەکانیان بوون بە ئەندامی پەرلەمان نەوەک بۆخزمەتکردنی هاوڵاتیان. بەواتایەکی تر هەموو ئەوانەی دەستیان هەڵبڕی بۆ پەسەند کردنی ئەم یاسایە کەسی ناشیاو بوون کە لەلایەن حزبەکانەوە دەستنیشان کرابوون کە کرابوون بە ئەندامی پەرلەمان.

لە مادەی 13 ئەم یاسایە دا هاتووە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان 15 سال خزمەتی وەزیفی نەبوو دەتوانێ خزمەت بکرێ لە دەوڵەت. بۆئەوونە ئەگەر کەسێک تەنها چوار ساڵ خزمەتی وەزیفی هەبێت وەک ئەندام پەرلەمان جگە لە بەرژەوەندی تەسکی لایەنی ئابووری نەبێت کە ئەمەش جێگای شەرمەزاری و لەدەستدانی متمانەی هاوڵاتیانە بەم ئەندام پەرلەمانانەی خولی پێشوو ئەمە لەلایەک و لەلاکەی تر دەکردنی ئەم جۆرە یاسایەنە لەم ماوە کورتە و دوور لە ڕاگەیاندنەکان خۆی لەخۆیدا زۆر شت دەگەیەنێ، و بەڕای خۆم ئەمە دەربڕینی نیەتی شاراوەی ئەندام پەرلەمانەکانی خولی پێشوو بوو وهەروەها دەربڕینی ویستی ڕاستەقینەیان بوو کە دەرکەوت ئەوانە بۆخزمەت کردنی گیرفانەکانیان بوون بە ئەندامی پەرلەمان نەوەک بۆخزمەتکردنی هاوڵاتیان. بەواتایەکی تر هەموو ئەوانەی دەستیان هەڵبڕی بۆ پەسەند کردنی ئەم یاسایە کەسی ناشیاو بوون کە لەلایەن حزبەکانەوە دەستنیشان کرابوون کە کرابوون بە ئەندامی پەرلەمان.

لە مادەی 13 ئەم یاسایە دا هاتووە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان 15 سال خزمەتی وەزیفی نەبوو دەتوانێ خزمەت بکرێ لە دەوڵەت. بۆئەوونە ئەگەر کەسێک تەنها چوار ساڵ خزمەتی وەزیفی هەبێت وەک ئەندام پەرلەمان جگە لە بەرژەوەندی تەسکی لایەنی ئابووری نەبێت کە ئەمەش جێگای شەرمەزاری و لەدەستدانی متمانەی هاوڵاتیانە بەم ئەندام پەرلەمانانەی خولی پێشوو ئەمە لەلایەک و لەلاکەی تر دەکردنی ئەم جۆرە یاسایەنە لەم ماوە کورتە و دوور لە ڕاگەیاندنەکان خۆی لەخۆیدا زۆر شت دەگەیەنێ، و بەڕای خۆم ئەمە دەربڕینی نیەتی شاراوەی ئەندام پەرلەمانەکانی خولی پێشوو بوو وهەروەها دەربڕینی ویستی ڕاستەقینەیان بوو کە دەرکەوت ئەوانە بۆخزمەت کردنی گیرفانەکانیان بوون بە ئەندامی پەرلەمان نەوەک بۆخزمەتکردنی هاوڵاتیان. بەواتایەکی تر هەموو ئەوانەی دەستیان هەڵبڕی بۆ پەسەند کردنی ئەم یاسایە کەسی ناشیاو بوون کە لەلایەن حزبەکانەوە دەستنیشان کرابوون کە کرابوون بە ئەندامی پەرلەمان.

ئەو فەرمانبەرە کەمتر بوو لە پانزە سال ئەوا دەبەخشرێ لە پێدانی ڕاگرتنە خانەنشینینکردنەکەی (التوقیفات القاعدیە) بۆ ئەوەی 15سال خزمەت تەواو بکات.

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت یاسادانەر لە یاسای خانەنشینینی یەکگرتوو لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە ئەم مادەیەی داناوە، بۆ ئەوەی ئەگەر فەرمانبەرێک ئەگەر پانزە ساڵیشی تەواو نەکردبوو ڕەوانەی خانەنشینینی بکرێت ، نەوەک وەک ئەوەی لەیاسای تایبەتی خانەنشینینی ئەندام پەرلەمان هاتووە کە بەبێ ئەوەی هیچ نەخۆشیەکی کووشندەی هەبێ و پانزە ساڵیشی تەواو نەکردبی دەتوانرێ خانەنشینین بکرێت.

بێگومان (22) برگە لەم یاسایە تانەی لێدراوە لەبەردەدم دادگای ئیتحادی لەلایەن حکومەتەوە و ڕۆژی پێنجشەممە 6ی12. 2018 محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند کە پەرلەمانی عێراق لێخۆشبوونی مافی خانەنشینی تایبەتی ئەندامانی پەرلەمان لە یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق (پەرلەمان) بە دادگای فیدرالی عێراق ڕاگەیاندووە. و دادگای فیدرالی پالپشت بە مادەی (151) و (152) ی یاسای دادبینی مەدەنی ژمارە (83) سالی 1969وە ئاماژە بە مادەی (93) دەستووری عێراقی 2005 بریاری دا کە کارکردن بە یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکانی ژمارە (13)ی سالی 2018ی ڕابگیرێت تا یەکلای دەکرێتەوە لەلایەن دادگا.

لەلایەکی تر یاسای ژمارە 13ی 2018 دەبێتە هۆی زیاد کردنی بووجەی تەرخان کراو بۆ مووچە کە ئەمەش بەپێی برگەی دووەم لە مادەی 62 لە دەستوور لە دەسەلاتی ئەنجومەنی نوێنەران نییە، چونکە ئەنجومەنی نوێنەران دەسەلاتی ئەوەی نیە کە کارێک بکات ببێتە هۆی زیادکردن لە موازەنەی گشتی بەڵکو تەنها بۆی هەیە ئاڵوگۆڕی لە نێوان بەشەکانی موازەنەی گشتی بکات و لە حاڵەتی پێویست ئەگەر ببێتە هۆی زیاد بوونی موازەنەی گشتی دەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێت. کە ئەمەش ئەنجام نەدرا لەکاتی دەرکردنی یاسای ژمارە 13ی 2018 سەرەڕای ئەمانە دەرکردنی ئەم یاسایە دژوارە لەگەڵ مادەی (130) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

جێگای ئاماژە پێکردنە ئەگەر دادگای فیدرالی حوکمی دەرکرد بە ناەدستوریەتی ئەم برگانەی تانەی لێدراوە ئەوا پێویستە لەسەر پەرلەمانی هەمواری ئەم یاسایە بکەنەوە جارێکی تر.

پێشنیار دەکەم کە یاسای پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیش هەموار بکرێتەوە و لەسایە توان و ئەزموونی سەرکەوتووی هەردوو سەرکردەی پارتی (نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی) خەڵکی کوردستان چاوبان لەوەیە لە چوار ساڵی ئایینەدەدا پێگەی کوردستان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و نێودەوڵەتییەوە بەهێزتر بکرێت، خزمەتگوزاریی پێویستیان پێشکەش بکرێت.

نەک بەلۆژیکی عاتیفی پێویستە لەگشت جەمسەرە جیاوازەکانەوە تەماشای ئەم بڕیارە بکەین، چونکە بۆ هەڵوێستەکردن لەسەر هەنگاوەکانی پێویستمان بەشرۆڤەکردنێکی زۆر و وردی زانستی هەیە لەبەرئەوەی هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی پلەبالاکان هەنگاوێکی زۆر باشە و کاریگەریەکی زۆرباشی لەسەر کەمکردنەوەی گوشاری ئابووری لەبودجەی گشتی دەبێت و تارادەیەکی باش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی جیاوازی مووچە، بەڵام لێرەدا ئەم کارە پێویستی بەکۆمەڵێک هەندێک پەرلەمانتار لەخولەکانی پێشوودا سوودیان لەوە دەبینینی کەیاساکە بەشێوەیەکی هەرەمەکی سەرجەم پەرلەمانتارانی بەبێ جیاوازی و بوونی بروانامە و ئاستی تەمەن خانەنشین دەکرد، بەبڕوای من لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا ئیتر ئەم مرۆڤانە هەوڵی خۆکاندیدکردن نادەن و بگرە ئەم بڕیارە وادەکات کە تەنیا ئەو کەسانە خۆیان کاندید بکەن کە ئامانجیان خزمەتکردنە، بۆیە بەبڕوای من مەرجە هەمومان کار لەسەر ئەوە بکەین بەگوێرەی یاسا خانەنشینی بۆ پەرلەمانتاران پەیڕەوبکرێت.

پارتی و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان تەئکید لە بەرپرسیارەتی بۆ سەقامگیریی زیاتری کوردستان دەکەنەوە



بۆ پیرۆزبایی کردن لە 33مین ساڵیادی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دوێنێ شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبون لە ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دوو و عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان و کارگێڕانی لق سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەت کێشانی کوردستانیان لە شاری هەولێر کرد، لەلایەن بەهمەن حسێن و بەڵێن عەبدوڵلا ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا هەریەک لە بەرپرسی لقی دوو و بەرپرسی پەیوەندییەکان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی سالیادی دامەزراندنیان ئاراستەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و تەواوی کادیرو ئەندامانی حزب کرد و هیوایان خواست ئەم یادە فاکتەرێک بێت بۆ پێشکەوتنی زیاتری حزبە تێکۆشەرەکەتان لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکان و یەکریزی گشت لایەنە سیاسەکان، پاشان باروودۆخی سیاسی ناوچەکەو کوردستان و عێراق و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی کوردستان باسی لێوەکرا، لە کۆتایی دیدارەکەدا هەردوولا تەئکیدیان لە بەرپرسیارەتی هەموو لایەک بۆ سەقامگیری و سەرکەوتن بەرەو ئایندەیەکی گەشتر بۆ خەڵکی کوردستان کردەوە.

بەرپرسی لقی 24ی سەفین، خەڵاتی ڕێزلێنان پێشکەشی ژنە چالاکوانێکی بواری ئافرەتان دەکات



ڕێکەوتی 2018/12/11 هیوا ئەحمەد مستەفائەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی لقی24ی سەفین، بەیاوەری کارگێڕی لق جوان زەخۆک و ئەندامی لق مەعسومە سالح، نەشمیل خان بەرپرسی ئافرەتانی قەزای کۆیە، ئەنجوومەنی ئافرەتانی قەزای شەقڵاوە، سەردانی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە شوکریەیان کرد.

لەسەردانەکەیدا بەرپرسی لق کاروچالاکیەکانی دکتۆرە شوکریەی لە بوارەکانی ئافرەتان و ژنان کە پێشکەشی کردوە بەرزنرخاند و هیوای خواست کە نمونەی زۆربێت و بەردەوام بێت، ڕاشیگەیاند کە جێی دەستی دیارە لە خزمەتکردن بە کۆمەڵگاکەمان بەگشتی و بواری ئافرەتان بەتایبەتی، کە هەرگیز لەبیرناکرێ.

بە بۆنەی16ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و هاوکات لەسالیادی 66مین سالەی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان خەڵاتی ڕێزلێنانی لقی24ی سەفین، لەلایەن هیوائەحمەد مستەفا پێبەخشرا، بەپێزیشیان لەلایەن خۆیەوە وێڕای سوپاس و پێزانینی بۆ ئەم دیاریە بەنرخەو بەرزنرخاندنی دکتۆرە شوکریە بەبۆنەی سالۆڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان خەڵاتێکی بەوبۆنەوە پێشکەشی بەرپرسی لقی 24ی سەفین کرد.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەرێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو موقەدەم زوبێر خدر ڕەسوڵ

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی موقەدەم زوبێر خدر ڕەسوڵ ئەندامی هێزی باڵەک و برای شەهید تۆفیق دێڵزی- مان پێگەیشت. موقەدەم زوبێر یەکێک بوو لەو پێشمەرگە بوێرانەی لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش بەرگری لە خاکی کوردستان کردوە. هاوبەشی خەمی خانەوادە تێکۆشەرەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر:

لەماوەی ئەم چەند مانگەدا بە تۆمەتی جۆرا و جۆر نزیکەی چوار هەزار کەس دەستگیر کراون



خەبات ـ سەید فاتیح
بەرزنجی:

لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەلەعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕونیکردەوە: ماوەی چەند مانگە بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمەو دارێژراو پلانمان بۆ نەهێشتن و کۆنترۆلکردنی دیاردەی چەک هەلگرتن دابڕشت و چەندین هەلمەتیشمان بۆ ئەو دیاردەیە ئەنجامداو زیاتر لە200 پارچە چەک دەستی بەسەردا گیراوەو خاوەنەکانیشیان دراونەتە دادگا. سەبارەت بە پێدانی مۆڵەتی چەک هەلگرتنیش بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر گوتی: بەهۆی ئەو هەلمەتانەی کە بۆ دیاردەی چەک ئەنجامانداوە بە ڕێژەی 80%ی ئەو دیاردەیە کەم بۆتەوەو ئەو لە 20%ی کە هەیە مۆڵەتی چەک هەلگرتنیان پێ دەدرێت توانراوە ڕێوشوێنەکان قورس بکرێت و پەنجە مۆرلێ وەردەگیرێت و مۆڵەتەکەش بە فلتەری چەندین لایەنی پەیوەندیدار تێپەڕ دەبێت. لەلایەکی دیکە ئاماژەی بەوەشداو گوتی: بەهۆی ئەو ڕێوشوێنە ئەمنیە تووندوتوڵەی کە گرتومانەتەبەر لەماوەی ئەو چەند مانگەدا توانراوە نزیکەی چوار هەزار کەس بەتۆمەتی جۆراوجۆر دەستگیرکراون. دواتر دەربارەی دانانی کامێرای چاودێری، لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەلەعەت گوتی: توانیومانە چەندین کامێرای چاودێری دانێین ئەگەر بارودۆخی دارایی حکومەتی هەرێم باشتر بێت ئەوا هەوڵ دەدەین نزیکەی دە هەزار کامێرای چاودێری دانێین بۆ شاری هەولێر بە دوو قۆناغ دانانی ئەو کامێرایانە هاوکاری زۆرمان دەکات.

کۆنگرەی گوتاری ئایینی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان گەلان لە تورکیا بەڕێوەچوو



خەبات: بەرهەم شێخ عزەدین

بە بانگهێشتی فەرمی د.دیار عزەدین جەباری بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی 3 ڕۆژەی کرد کە لە لایەن هەردوو زانکۆی (سەکەریای تورکی و زانکۆی غزەی فەلەستینی) لە وڵاتی تورکیا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕۆژانی 8-9-10-2018/12/ ڕێکخرابوو، کۆنگرە لەژێر ناوی گوتاری ئایینی و پێوەستی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان گەلان، بۆ 20 وڵات لەسەر ئاستی جیهان ڕێکخرا بوو، دکتۆر دیار جەباری دەربارەی بەشداریان لەو کۆنگرەیە بە خەباتی گوت: هەرێمی کوردستانیش وەک هەر وڵاتێک بەشێوەیەکی فەرمی بانگهێشتی کۆنگرەکە کرابوو و تیایدا توێژینەوەیەکمان لەژێر ناوی پرۆژە گرنگ و ستراتیژییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، لە گرنگیدان بە گوتاری ئایینی لە ساڵانی 2003 تا 2018 کە بە وردی تیشکی خستبووە سەر کارەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوو و ڕۆڵی وەزارەت بۆ کارکردن لەسەر بابەتی پێکەوەیی نێوان پێکهاتەکان و خستنەڕووی واقیعیەتی هەرێمی کوردستان، پێشکەشکرد، هەروەها لە وتارەکەدا ئاماژەمان دا بە بابەتی پێکەوەیی نێوان گەلان و پێکهاتە ئایینییەکانی کوردستان، لە تەوەرێکی تری بابەتەکەدا باسمان لە کارە سەرەکییەکانی وەزارەت کرد بەتایبەتی کارکردن لەسەر قووڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان بەرەودان لەسەر کارکردنی هەمەلایەنە، بە ئەوونەش کۆنفرانسی ڕێکخستنی گوتاری ئایینی کە لە ساڵی 2016 لە هەولێر ڕێکخرا و 16 بڕیاری بە ئامانجی ڕێکخستنی گوتاری ئایینی لێکەوتەوە. لە تەوەرێکی تری گوتارەکەدا ئاماژەمدا بە بابەتی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە هەرێمی کوردستان کە میژوویەکی دروشاوە و دوورمەودای هەیە بۆ ئەمە هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە لە بابەتەکە دەڕوانێت، هەموو لایەک بە بایەخەوە باسی ڕۆڵی پێکەوەژیانی کوردستانیان کرد و بەڕێزەوە لە هەولەکانی حکوومەتی هەرێمیان دەڕوانی کە بۆ پێکەوەژیان لە کارە سەرەکییەکانی وەزارەت کرد.

چوار مامۆستا و سێ پێشمەرگە بریندار بوون

بە هۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لە نزیک ناحیەی زاویتە لە سنووری پارێزگای دهۆک7 کەس بریندار بوون، کە چواریان مامۆستان و ئەوانیتر پێشمەرگەن. ئازاد تەها، بەرپرسی ڕاگەیاندنی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند، ڕووداوەکە لە نێوان دوو ئۆتۆمبێلی جۆری نیسان ئالتیما و پیکاپێکی سەربازی دا ڕوویداوە و لە ئەنجامدا چەند کەسێک بریندار بونە، کە هەندێکیان مامۆستان و لە دەوامی قوتابخانەوە دەگەڕانەوە ماڵەوە. ئەو بەرپرسەی هاتوچۆ ئاشکراشیکرد، کە ڕووداوەکە بەهۆی خێرا لێخوڕین و پابەند نەبون بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ ڕوویداوە.

لە تەندروستی دەشتی هەولێر لە ڕەوشی دەوامی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی کۆڵدرایەوە



خەبات ـ سەید فاتیح
بەرزنجی:

بەڕێوەبەری کارگێڕی تەندروستی دەشتی هەولێرو بەشی پشکنین سەردانی ژمارەیەک بنکەی تەندروستی کرد، وەک بنکەی تەندروستی ڕاژان لە قەزای دەشتی هەولێر کە لە نزیکەوە لە ڕەوشی دەوامی پزیشکان وکارمەندانی تەندروستیان کۆڵیەوە. دواتر هەموو بەشەکان بەسەرکرانەوەوئاگاداری پزیشکان و کارمەندان کرایەوە کە دەوامکردن لە هەموو بنکە تەندروستیەکان ڕۆژانەیەو لەسەر هەموو کارمەندانە کەپابەندی دەوامی تەواو بن. دواتر سەردانی بنکەی تەندروستی قەڵای نوێیان کردو لەوێش باس لە دەوامکردنی تەواو کراو لە ڕەوشی کەمی دەرمانیان کۆڵیەوە. دواتر سەردانی بنکەی کۆنی بنەسلاوەیان کردو یەکەیەکەی بەشەکان بەسەر کرایەوەودووپاتی پابەند بوون بەدەوامی تەواوی پزیشکان و کارمەندان کرایەوەو چەندین ڕێنمایی گرنگیان پێدراو لەکێشەو کەمو کوڕیەکانیان کۆڵیەوە.

بڕیاری دابەش نەکردنی زەوی بۆ دوو بەش بۆ هەموو کوردستانە

خەبات ـ سەید فاتیح: ئەو بڕیارەی کە لەمانگی ڕابردوو بۆ دابەشنەکردنی زەوی بۆ دوو بەش لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە دەرچووە، لەمبارەیەوە ئەندازیار عەبدولحەمید مەجید بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی شارەوانی گوتی: دیارە ئەو بڕیارە لە وەزارەتی شارەوانییەوە دەرچووەو بۆ سەرۆکی شارەوانییەکان ڕەوانە کراوەو هەموو وردەکاریەکانیش لەلای ئەوانەو بڕیارەکەش بۆ هەموو کوردستانەو هەربەتەنها بۆ شاری هەولێرنییە، دەرکردنی ئەو بڕیارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خزمەتگوزاری زیاتر بگەیەنرێتە هاوڵاتیان لەسەرەتادا کە زەوی دابەش دەکرێ بەپێی ماستەر پلان 200 مەتر یاخود 250 مەترەو ناکرێ ئەو زەویە دابەش دوو بکرێت، نەخشەکە باشترو خزمەتگوزاری باشتر دەبێت و لەسەر شارەوانییەکان پێویستە ئەو بڕیارە وەکوخۆی جێبەجێ بکەن لە هەموو کوردستان هەروەها ئاماژەی بەوەشدا: لە کاتی تێکدانی خانووش زەوی دابەش دوو ناکرێت و ڕووبەری چەند بێت هەر لەسەر ئەو ڕووبەرە خانوەکە دروست دەکرێتەوەو لەئێستاشدا دابەشکردنی زەویش وەستاوەو لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانەو لەسەر هەموو شارەانییەکانە کە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن.

ڕانیە... دوو کەس بە دراوی ساختەوە دەستگیر کران

پولیسی ڕاپەڕین دەستگیرکردنی دوو کەسی ئاشکرا کرد کە بڕێک پارەی ساختەکراویان پێ بووە و مامەڵەیان پێوە کردووە. شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە باسنیوزی ڕاگەیاند، دوای بەدواداچوون و بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی ساخکردنەوەی پارەی ساختە، لەلایەن هێزەکانمان لە نەهێشتنی تاوانی ڕانیە، باندێکی دوو کەسی دەستگیر کران. گوتیشی: دوو کەسەکە دراوی ساختەکراویان لە جۆری 100 دۆلاری پێ بووە و مامەڵەیان بەو پارە ساختەیەوە کردووە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، ئێستا مەلەفی لێکۆڵینەویان بۆ کراوەتەوە و لەبەردەم پۆلیس و دادگا دانیان ناوە بە تاوانەکەیاندا کە مامەڵەیان بەو پارە ساختەیەوە کردووە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2018/12/13 ژمارە (5653)

دەزگەهێ خێرخوازی بارزانی هاریکاری گەهاندە ئاوارەیێن سەر چیایێ شنگال



بەرپرسێ دەزگەهێ خێرخوازی بارزانی ئۆفیسا قەزا شنگال دیارکر: رۆژا 2018/12/12 دێ بەردەوامی بەلاڤکرنا هاریکاریێن دەزگەهێ خێرخوازی بارزانی ل چیایێ شنگال هێتە دان. پیر دەیان، بەرپرسێ دەزگەهێ خێرخوازی بارزانی ئۆفیسا قەزا شنگال بۆ باسنیوز دیارکر: دەزگەهێ خێرخوازی بارزانی دگەل ڕێکخراوا یونیسێف شیا بگەهنە سەر چیایێ شنگال وەدەست ب بەلاڤکرنا هاریکاریان ل سەر7500 زارۆکێن ئێک ڕۆژی هەتا14 سالی بکەن. دناف هەر خێزانەکا چیایێ شنگالێ دا چەند زارۆک هەبن هند دەستێن جل وبەرگ وهەموو پێدڤییێن دی یێن زارۆک دناف کارتۆنەکی دا هاتنە دابینکرن بۆ زارۆکێن ژ دایکبووین ئێک ڕۆژی هەتا یێن ژیێ وان گەهشتیە14 سالی. هەر وەکو مە سۆز دایە وان دێ بەردەوام بین لسەر گەهاندنا هاریکاریان بۆ خەلکێ ماینە سەرچیایێ شنگال.

خویا ژی کر: ئەو خێزانێن سالا 2014 ژبەر تیرۆرستێن داعش چوینە سەر چیایێ شنگال هەتا نۆکە ژی ماینە ل سەر چیایی. ئەڤ هاریکاریا ب چەند قۆناغا لسەر وان هاتنە بەلاڤکرن ئەڤرۆ دێ قوناغا دووماهیێ ل سەر وان هێتە بەلاڤکرن.

ڕێڤەبەرێ گشتیێ ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ:

1400 رزگابوویێن دەستێ داعشێ هاتینە چارەسەرکرن

ڕێڤەبەرێ گشتیێ ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ ڕاگەهاند: ئێکەم رزگاربوویا دەستێ داعشێ کچەکا کوردا ئێزیدی بوو، ئەو زولما رزگاربوویا دەدەستێ داعشێدا دیتی و ژیانا سەخت تێدا بورین کارتێکرنەکا مەزن لسەر دەروونێ وان کریە، ژبەر هندێ پێدڤی ب چارەسەریا دەروونی یا بەردەوام هەیە ب هاریکاریا جڤاکی و ب پشتەڤانیا خەلکێ دەڤەرێ.

پشتی کەفتنا چەندین باژێرێن عیراقێ دەدەستێ تیرۆرستێن داعشێداو بەرەف سنوورێن هەرێما کوردستانێ هاتین، کو چەندین دەڤەرێن دەرڤەیی ئیدارا هەرێمی کەفتنە دەستێ داعشێ و چەندین خەلکێ قەزا شنگال هاتنە تیرۆرستان ڤە، پشتی هەولا رزگارکرنا وان ڕەڤاندیێن دەدەستێ داعشێدا، ل سەر راسپاردەیا سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ نیچیرڤان بارزانی سەنتەرێ چارەسەریێ بۆ رزگاربوویێن دەستێ تیرۆرستێن داعشێ ل دهۆکێ هاتە ڤەکرن، بۆ ڤێ ئێکێ د. نزار عسمەت، ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ بۆ مالپەرێ فەرمیێ پارتی دیموکراتی کوردستان گوت: ئێکەم رزگاربوویا دەستێ داعشێ کچەکا کوردا ئیزیدی یا خەلکا دەڤەرا شنگالێ بوو و بزووترین دەم چارەسەریا وێ هاتە کرن و تا نوکە هزار و چوار سەد کچ و ژن هاتنە ڕزگارکرن.

ڕێڤەبەرێ گشتیێ ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ ڕاگەهاند: ئێکەم رزگاربوویا دەستێ داعشێ کچەکا کوردا ئێزیدی بوو، ئەو زولما رزگاربوویا دەدەستێ داعشێدا دیتی و ژیانا سەخت تێدا بورین کارتێکرنەکا مەزن لسەر دەروونێ وان کریە، ژبەر هندێ پێدڤی ب چارەسەریا دەروونی یا بەردەوام هەیە ب هاریکاریا جڤاکی و ب پشتەڤانیا خەلکێ دەڤەرێ.

پشتی کەفتنا چەندین باژێرێن عیراقێ دەدەستێ تیرۆرستێن داعشێداو بەرەف سنوورێن هەرێما کوردستانێ هاتین، کو چەندین دەڤەرێن دەرڤەیی ئیدارا هەرێمی کەفتنە دەستێ داعشێ و چەندین خەلکێ قەزا شنگال هاتنە تیرۆرستان ڤە، پشتی هەولا رزگارکرنا وان ڕەڤاندیێن دەدەستێ داعشێدا، ل سەر راسپاردەیا سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ نیچیرڤان بارزانی سەنتەرێ چارەسەریێ بۆ رزگاربوویێن دەستێ تیرۆرستێن داعشێ ل دهۆکێ هاتە ڤەکرن، بۆ ڤێ ئێکێ د. نزار عسمەت، ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ بۆ مالپەرێ فەرمیێ پارتی دیموکراتی کوردستان گوت: ئێکەم رزگاربوویا دەستێ داعشێ کچەکا کوردا ئیزیدی یا خەلکا دەڤەرا شنگالێ بوو و بزووترین دەم چارەسەریا وێ هاتە کرن و تا نوکە هزار و چوار سەد کچ و ژن هاتنە ڕزگارکرن.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا



دوێنێ بە ئامادەبوون و بەسەرپەرشتی ساسان عەونی بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی سازکرد.

